

ئەی گەنج

نووسینی

الامام الغزالی

وەرگێڕانی

سلام علی شێخانی

ئەی گەنج

نوسینی

الإمام الغزالی

وەرگێرانی

سلام علی شێخانی

ناوی کتێب : ئەی گەنج
لەگەڵ پاشکۆی نامیلکەی
(وەسیەتەکانی ابن الجوزی بۆ کوڕەکەی)
وەرگێڕانی : سلام علی شێخانی
نۆرەو ساڵی چاپ : دووەم: ١٤٣٨ك ــ ٢٠١٧ز
چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر
نەشخەسازی ناوەوە: دەزگای باران/ مەولان وەیسی
بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی عازی

لە بەرێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٥٠) ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە .

پوختەیەك لە

ژیان و كۆشش و بەرهەمی

زانای پایە بەرز

الإمام

الغزالى

ژیانی :

ناوی تەواوی (محمد) ی کوڕی (محمد) ی کوڕی (محمد) ی کوڕی

(أحمد)ە ، لە ساڵی ٤٥٠ك لە دایك بووە ، زۆر نازناوی هەیە گرینگترینیان (حجه الإسلام) ە ، لە خانەوادەیەکی هەژار ژیاوە ، ئیمامی غزالی یەکێکە لە کەڵە پیاو و زانا گەورەکانی ئیسلام ، کە دەستێکی باڵای هەبووە لە زانست و بوارەکانی (فەلسەفە و فقه و أصول و وعظ)دا ، کەسایەتیەکی جیاوازو دەگمەنی هەیە لە نێوان زاناکانی تری ئیسلام ، بە نوێ خوازی سەدەی پێنجەمی ئیسلام هەژمار دەکرێت .

هەوڵ و کۆششی بە دوای زانست و زانیاری دا :

باوکی ئیمامی غزالی کاتێك لە سەرە مەرگ دەبێت (غزالی) و (أحمد)ی برای راسپاردەی سۆفی گەرێکی خواناس دەکات ، تاوەکو فێری زانست و زانیاریان بکات لەگەڵ رەوشت و بەها بەرزەکان ، پاشان ئەم پیاوە سۆفی گەرە داوای لە غزالی و براکەی دەکات کە بچن بە دوای زانست و زانیاریدا بگەرێن ، بۆیە ئیمامی غزالی لە ساڵی ٤٦٥ك دەچێتە لای (أحمد الراذاكاني) لە شاری (طوس) ، پاشان دەچێتە (جرجان) بۆ زانست لەلای (شێخ الإسماعيلی) دەخوێنێت ، پاشان ساڵی ٤٧٣ك دەچێتە (نیسابور) بۆ زانست خوێندن لەلای

زانای گەورەی مەزهەبی شافعی (أبو المعالی الجوینی)

زۆربەی زانستە ئیسلامیەکانی لەلا دەخوێنێت ، پاشان بلیمەتی و زیرەکی ئیمامی (الغزالی) بۆ ئیمامی (جوینی) ، بۆیە ئەویش زۆر گرینگی پێدەدات هەتا وای لێدێت لەلای ئەم زانایە کتێبی (المنخول في علم الأصول) دەنووسێت ، جا کە ئیمامی (الجوینی) ئەم کتێبە دەخوێنێتەوە پێی دەفەرمووێت : (تۆ بە زیندوویی منت لە ژێر گڵ نا، نەدەکرا چاوەڕێ بکەی تادەمرم.؟!). (مەبەستی ئەوەبوو کە ئەم کتێبەی تۆ زۆر لە کتێبەکانی من بەهێزترە) .

پاشان کە ئیمامی (الجوینی) لە ساڵی ٤٧٨ك وەفات دەکات ، ئیمامی غزالی سەفەر دەکات بۆ (عسکر) بۆ لای (نظام الملك) وەزیری سەلجووقیەکان ، ئەویش داوای لێدەکات کە لە قوتابخانەی (النظامية) وانە بڵێتەوە لە (بغداد) کە ئەو کات تەمەنی ٣٤ ساڵی تێبەڕ نەکردبوو .

بەراستی ئیمامی غزالی شایەنی وشەی (إمام) (پێشەوا) بووە ، چونکە پایەکی یەکجار بەرزی هەبوو لە قوتابخانەی (نظامية) لە بغداد ، وانە بە ٣٠٠ قوتابی دەوتەوە لە بوارەکانی (فقه و کلام و أصول)دا ، هەتا گەیشتە ئەوپەری ناوبانگی سەرکەوتن .

پاشان تووشی گومان (الشك) دەبێت ، کە وای لێدەکات واز لە ناوبانگی و پارە و پلەو پایەی زانستی بهێنێت کە پێی گەیشتبوو ، هەتا وای لێدێت توانای وانە وتنەوەشی نامێنێت ، پزیشکەکان رێنمایی دەکەن کە سەفەر بکات بو دەرەوە ، بۆیە سالّی ٤٨٨ك سەفەر دەکات بۆ ماوەی ١٠ سالّ لە نێوان شارەکانی (مککە و شام و بیت المقدس) پاشان ئیمامی غزالی دەگەرێتەوە (بغداد) و زۆر نامێنێتەوە و دەگەرێرێتەوە (طوس) لەوێ خانەقایەك لە نزیك مالّەکەی خۆی تایبەت دەکات بە وانە وتنەوە و زیکرکردن و خوێندنی قورئان و فەرموودە ، تا سالّی ٥٠٥ك کە دەکاتە ١١١١ز ، وەفات دەکات ، خودا لە گیانی بەرزو پاکی ئەم

زانایە گەورەی ئیسلام خۆش ببێت و گۆڕەکەی بۆ پڕ نوور بکات .

بەرهەمەکانی :

ژمارەی ئەو کتێبە بە نرخانەی کە ئیمامی غزالی نووسیویەتی زیاترە لە ١٠٠ کتێب ، وە هەندێك زانا دەڵێن کە ژمارەیان ٨٠ کتێبە .

لە گرینگترین کتێبەکانی ئەم زانایە بەرزە :

١- (إحياء علوم الدين) کە بە موسوعەیەکی ئەخلاقی هەژمار دەکرێت ، کاریگەریەکی یەکجار گەورەی هەبووە لە ناو عالەمی ئیسلامی لە کۆنەوە تا ئێستا ، زانایان چەندان سەرەنج و نوسین و لێکۆڵینەوەیان بۆ کردووە .

٢- (جواهر البلاغة)

٣- (الحكمة في مخلوقات الله)

٤- (معيار العلم في النطق)

٥- (مقاصد الفلاسفة)و(تهافت الفلاسفة) لە بوارى فەلسەفە .

٦- (بداية الهداية)

٧- (القواعد العشرة)

٨- (مشكاة الأنوار)

٩- (ميزان العمل)

١٠- (فضائح الباطنية)

١١- (القصطاص المستقيم)

١٢- (المسطصفى في علم الأصول)

١٣- (المنقذ من الضلال)

ئەمانە ئاماژەیەکە بۆ چەند گرینگی ئیمامی غزالی ، گەرنا کتێبەکانی زۆر لەمانە زیاترن

((بسم الله الرحمن الرحيم))[١]

الحمد لله رب العالمين، والعاقبة للمتقين، والصلاة والسلام على نبيه وآله أجمعين .

(هۆکاری نووسینی ئەم نامیلکەیە)

بزانە: کە یەکێك لە قوتابییە پێشەنگ و چاکەکان کە زۆر خزمەتی (زين الدين حجة الإسلام (أبى حامد محمد بن محمد الغزالى) کردووە وە لەگەڵی بووە _خودا گیانی بەرز و پیرۆز بکات_ .

زۆر سەرقاڵ و خەریکی وەدەستهێنانی زانست و خوێندنەوە بووە، تاوەکو زانستێکی زۆری لا کۆکردۆتەوە

(١) بۆ ئەوەی ئەم کتێبە زیاتر بە بەهاترو سودی زیاتر بێت ، پاشکۆیەکم زیاد کردوە ، کە هەڵساوم بە وەرگێرانی نامیلکەی (لفتة الكبد في نصيحة الولد) ، کە چەند وەسیەتێکی پڕ بەها و حیکمەتە ، کە زانای ئیسلام (ابن الجوزى) بۆ کوڕەکەی نوسیویەتی ، بۆیە حەزم کرد لە گەڵ ئەم کتێبە کۆی کەمەوە ، تاوەکو زیاتر ببێتە پەندو عیبرەت بو گەنج و لاوەکانمان .

و لەگەڵ وەدەستهێنانی هەموو ئاکارو ڕەوشتە بەرزەکانی نەفس.

بۆیە ڕۆژێك بیری کردووە لە حاڵی خۆی وەبیری داهات ووتی:

من زۆرجۆر زانستم خوێندۆتەوە،وە هەرەتی لاوی و تەمەنم بەسەر بردووە بۆ فێر بوونی و کۆکردنەوەی زانست

جا ئێستا پێویستە بزانم کە کامیان سوودم پێدەگەیەنێت بۆ بەیانی وەهاودەمیم دەکات لە گۆڕەکەم، وە هەروەها کامیان سوودی بۆم نیە تاوەکو وازی لێبهێنم، چونکە پێغەمبەر دەفەرموێت ((خودایە من پەنات پێ دەگرم لە زانستێك کە سوودی بۆم نیە)).

جا ئەم بیرو فکرەیە لە لای بەردەوام بوو، تاوەکو هانای برد بۆ (شێخ حجة الاسلام – محمد الغزالی) خودا لێی ڕازی بێت، تاوەکو ڕاپرسی پێ بکات.

جا پێشەکی پرسیاری لێکرد دەرباری چەند شتێك،وە داوای ئامۆژگاری دۆعای لێکرد، و هەروەها گوتی: ئەگەر ئەو کتێبانەی کە شێخ (الامام الغزالی) نووسیویەتی وەك کتێبی (إحیاء علوم الدین)[1] لەگەڵ کتێبەکانی تر وەڵامی پرسیارەکانی من بداتەوە، ئەوە مەبەستی من ئەوەیە کەوا شێخ (إمام الغزالی) پێداویستی من بنووسێت بۆم ، لەچەند لاپەڕەیەك ، بۆ ئەوەی لەگەڵم بێت بە درێژایی ژیانم، هەروەها بۆ ئەوەی کاری پێبکەم بە درێژایی تەمەنم بە ئیزنی خودای گەورە.

جا شیخ (ئیمام الغزالی) لە وەڵامی دا ئەوەی بۆ نووسی لە نامیلکەیەك _والله أعلم_ :

بزانە ئەی گەنجی خۆشەویست خودا تەمەنت درێژ بکات ، بۆ گوێ رایەڵی و ملکەچی کردنی، وەڕێگای خۆشەویستانیت پێ بگرێتە بەر، بزانە کە بڵاوکراوەی

[1] کتێبی (إحیاء علوم الدین) یەکێکە لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکانی ئیسلام کە ئیمامی غزالی نووسیویەتی کە لە چەند بەرگێك پێکهاتووە.

ئامۆژگاری لە سەرچاوەی پەیام دەنووسرێت (مەبەستی پەیامی ئیسلامە) جا ئەگەر ئامۆژیت لەم پەیامە پێ گەیشتووە، چ پێویستیەکت بە ئامۆژگاری من دەبێت، خۆ ئەگەر هیچ ئامۆژگاریشت پێ نەگەیشتووە، پێم بڵێ چیت دەستەبەر کردووە لەو هەموو ساڵانەی رابردووت.

ئەی گەنج !!

لە رستیەك کە پێغەمبەر صلى الله علیە وسلم ئامۆژگاری ئومەتەکەی تێدا دەکات ئەوەیە کە دەفەرموویت: ((نیشانەی دەست هەڵگرتنی خودا لە بەندە ئەوەیە ، کە ئەو بەندە خۆی سەرقاڵ بکات بە کارێك کە هیچ پەیوەندییەکی بەو نییە وە ئەگەر هەر کەسێك کاتژمێرێك لە تەمەنی بڕوات و ئەو کارە ئەنجام نەدات کە بۆی دروست کراوە (مەبەستی خودا پەرستنە) ئەوە شایەنی ئەوەیە کە ئاهو حەسرەت باڵی بەسەردا بکێشێت، وە هەر کەسێك تەمەنی لە چل ساڵی تێپەڕی کرد و چاکەی بەسەر خراپەی زاڵ نەبوو (واتە چاکەی

زۆرتر نەبوو لە خراپەی) ئەوە باخۆی بۆ دۆزەخ ئامادە بکات)) .

جا لەم فەرمووده پیرۆزەدا ئامۆژگاریەکی تەواو پوخت هەیە بۆ زانست دۆستان.

ئەی گەنج !!

ئامۆژگاریکردن زۆر ئاسانە، بەلام کێشەکەی وەرگرتن و کارپێکردنیەتی، چونکە بۆ شوێن کەوتووانی هەواو ئارەزوو زۆر تاڵە، ئەمەش لە کاتێکدا کە شتە قەدەغەکراوەکان زۆر خۆشەویستە لە دڵیان بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە بە دوای زانستی سەرەکین، وە سەرقاڵن بە وەی کە خۆیان چاکتر و باشتر بکەن لە هاوکوفەکانیان. جا ئەم کەسە هەست دەکات کە بە تەنها ئەم زانستە دەبێتە ڕێگای دەرچوون و ڕزگاربوونی، وەهەروەها وا هەست دەکات کە پێویستی بە کار و کردەوە نی‌یە، کەئەمەش بیروباوەڕی (فەیلە سوفەکانە) جا (سبحان الله) ئەم کەسە ئەندازەی ئەمە نازانێت کە کاتێك ئەو زانستە دەستە بەر دەکات یاخود فێری دەبێت ئەگەر کاری پێ

ناکات ئەوە دەبێتە بەڵگە لەسەری و دووپات دەبێتەوە، هەروەکو پێغەمبەر دەفەرمووێ:

((ئەو کەسەی کە لە هەموو کەس ئازاری زیاترە لە رۆژی دوایی ئەو زانایەیە کە کە زانستەکەی سوودی پێ نەگاندبووبێت)).

دەگێڕنەوە (جنید)[1] خودا پلەی بەرز بکات - لە خەودا بینرا لە دوای مردنی پێیان فەرموو:

چ باسە ئەی باوکی قاسم ؟

ئەویش فەرمووی : ((ئەو (گوزارشتانە) ون بوو، وە ئەو (ئامارژانە)[2] لەناو چوون، وەهیچ شتێك سوودی پێ نەگەیاندین جگە لەو رکاتانە نەبێت کە کرنووشمان تیادا بردووە بۆ خودا لە کاتەکانی نیوە شەودا)).

---

١ (جنید البغدادی) یەکێکە لە سۆفی و خودا پەرستەکان بە رەگەز خەڵکی (نهاوەندە) بەڵام لە عێراق گەورە بووە پێگەیشتووە لە ساڵی ٢٩٧ ك کۆچی دوایی کردووە.

٢ مەبەستی (جنید البغدادی) لە (گوزارشتەکان) و (ئامارژاکان) ئەو زانستانەیە کە خوێندنەویەتیان و بە سەر چووە جا ئەم زانستە یاخود گوزارشتی دیار و ئاشکرا بووە یاخود ئامارژەی ناخ و شاردراوە بووە، کە بێ گومان ئەم زانستانەش بریتین لە زانستی صوفیەکان.

ئەی گەنج !!

لــە کــردەوە دەســت بــەتاڵ مەبــە، وەکاتــەکانت بــە بۆشایی بەسەر مەبە بە (واتە زکری خودای تێدا بکە) بێ گومان بە کە تەنها زانست رزگارکەری خاوەنەکەی نیە.

جا نموونەی ئەمە: ئەگەر پیاوێك لە بیاباندا بێت و دە شمشـێری (هینـدی) پـێ بێـت لەگـەڵ چـەکی تـر، ئـەم پیاوەش ئازا و بە جەرگ و پیاوی شەڕ بێت جا تووشی شێرێکی گەورە و ترسناك بێت کە هێرشی بۆ بکات رات چوون دەبێت، ئایا دەتوانێت خۆی لە هەڕەشە و خراپەی ئەم شێرە دوور بخاتەوە بەبێ بەکارهێنانی ئەم شمشێر و چـەکانە؟ بـێ گومـان ناتوانێـت هـەتا ئـەم شمشـێرە نەجوولێنێت و پێی لێی نەدات، جا ئا بەم شێوەیە ئەگەر کەسێك سەد هەزار پرسیاری زانستی بخوێنێتەوە و فێری ببێت، سوودی پێ ناگەیەنێت تا کاری پێنەکات.

وەهەروەها نموونەی ئەمە وەکو ئەو کەسەیە وایە کە نەخۆشی تاو نەخۆشی (زەرتك)ی هەبێت چارەسەریشی بە (سکنجبین و کشکاب)([1]) بێت ئەوە لەم نەخۆشیە چاك نابێتەوە تا ئەم دوو دەرمانە بەکار نەهێنێت.

- کرمنی دوهزار رطل همی بیکائی

تامی نخوری نباشدت شیدائـــی

_ ئەگەر بپێوی دوو رەتڵ لەمـــــەی

هەرگیز سەرخۆش نابی گەر نەیخۆی

_ وە هـەروەها ئەگـەر سـەد سـاڵ زانسـت بخـوێنی و هـەزار کتێـب کـۆ بکەیـەوە ئـەوە ئامـادە بـاش نـابی بـۆ رەحمەت میهرەبانی پەروەردگار تاوەکو کاری پێ نەکەی.

[1] دوو جۆرن لە دەرمان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی بەکاردێن.

بسم الله الرحمن الرحيم

((وَأن لَّيْسَ لِلْإنسَانِ إلَّا مَا سَعَى)).

- ((بە راستی ئادەمیزاد خاوەنی هیچ شتێك نی یە تەنها ئەوە نەبێت کە خۆی کردوویەتی)) (النجم -٣٩).

بسم الله الرحمن الرحيم ((فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا)) .

((جا ئەوەی دەیەوێت بە دیداری پەروەردگاری شاد بێت، با کار و کردەوەی چاك دەرئەنجام بدات)) (الكهف ١١٠).

بسم الله الرحمن الرحيم ((جَزَاء بِمَا كَانُواْ يَكْسِبُونَ)).

((لە پاداشتی ئەو کردەوەیەی کە دەیکەن)) (التوبه ٨٢)

بسم الله الرحمن الرحيم ((إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلًا (١٠٧) خَالِدِينَ فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا)).

((بـە راسـتی ئەوانـەی کـە ئیمـان و باوەڕیاهێنـاوە کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، ئێمە هەر لە زووەوە بە بەهەشتی فیردەوسمان بۆ ئامادە کردوون، تا لەوێ دابەزن و ژیانی کامەرانی تیا بەرنە سەر، ژیانیان تیادا بەردەوام و نەبراوەیـە، نایانـەوێت بگوێزرێنـەوە بـۆ شـوێنێکی تـر)) (الکهف- ١٠٧. ١٠٨).

بسم الله الـرحمن الـرحيم ((إِلَّـا مَـن تَـابَ وَآمَـنَ وَعَمِـلَ عَمَلًا صَالِحًا)) .

((مەگەر ئەو کەسەی کە تەوبە بکات و باوەڕ بهێنێت و کارو کردەوەی چاکە ئەنجام بدات)). (الفرقان- ٧٠)

وە ئایـا چـی دەڵێـی دەربـارەی ئـەم فەرموودەیـە ((ئیسلام لەسەر پێنج شت بونیاد نراوە:

شاهێدی بدەی کە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لە (الله) و محمدیش نێردراوی ئەوە، نوێژ بکـەیت، زەکـات بـدەیت،

ڕۆژووی ڕەمەزان بگریت، و حەج بکەیت ئەگەر لە تواناتدا هەبوو)) .

- وەباوەڕیش: قسەیەکە بەزار دەکرێت وە بە دڵیش پەسەند دەکرێت و ئەرکەکانیشی جێبەجێ دەکرێت.

- وەبەڵگەی کردووەکان زۆر لەوە زیاترە کە بژمێردرێت گەر بەندە بگات بە بەهەشت بە فەزڵ و میهرەبانی پەروەردگار، جا ئەمەش کاتێك دەگاتە ئەم شوێنە ئەگەر ئامادە باشبێت بە بەندایەتی ملکەچکردنی بۆ پەروەردگار چونکە ((میهرەبانی خودا زۆر نزیکە لە چاکەکاران))[1] وە ئەگەر وترا دەتوانێت بەگاتە ئەم شوێنە تەنها بە باوەڕ پێ هێنان (واتە بەبێ کردەوە) ئەوە ئێمە دەڵێین: بەڵێ، بەڵام ئایا کەی دەگات؟ وە ئایا چەند کۆسپ و تەگەرەی بە ناقایلی دەبڕێت تا دەگات؟ جا یەکەم کۆسپ و تەگەرە لەم کۆسپ و تەگەرانە باوەڕە، جا ئایا ئەو کەسە سەلامەت دەبێت گەر باوەڕی لێ تالان

[1] الاعراف : ٢٦ .

بکرێت یان نا؟ وە ئەگەر گەیشت ئایا ناپاك و دەست بەتاڵ دەبێت ؟؟

- (حەسەنی بصری) دەفەرموویت ((خودای گەورە بە بەندەکانی دەفەرمووێ لە ڕۆژی دوایی: ئەی بەندەکانم بڕۆنە بەهەشت بە میهرەبانی من و دابەشی بکەن بە کردەوەکانتان)).

ئەی گەنج !!

گەر کردەوە نەکەیت، پاداشتیش وەدەست ناهێنیت.

دەگێڕنەوە کە پیاوێك لە نەوەی (ئیسرائیل) حەفتا ساڵ خەریکی خودا پەرستی بوو، جا پەروەردگار ویستی پلە و پایەی ئەم پیاوە لە لای فریشتەکانی دەربخات، بۆیە فریشتەیەکی ناردە لای ئەم پیاوە کە پێی رابگەیەنێت کە لەگەڵ ئەو هەموو خودا پەرستیەی دەیکات ناچێتە بەهەشت، جا کاتێك پیاوەکە ئەم قسەیەی پێ گەیشت فەرمووی: ئێمە بۆ پەرستی خودا دروست

کراوین جا پێویستە لە سەرمان کە پەروەردگار بپەرستین، جا کاتێك کە فریشتەکە گەڕاوە لای پەروەردگار فەرمووی: پەروەردگارا، تۆ چاکتر تێدەگەی لەمە لەقسەی ئەم پیاوە، پەروەردگاریش فەرمووی: ئەگەر ئەو ڕێگە گر نەبێت لە پەرستنی من ئەوە منیش بە میهرەبانی خۆم ڕێگە گر نیمە لەوەی کە بیبەمە بەهەشت، جا فریشتەکانم شاهێدی بدەن کە من لەم پیاوە خۆش بووم.

هەروەها پێغەمبەری خودا دەفەرموێت: ((لێ پێچینەوە لەگەڵە خۆتان بکەن پێش ئەوەی لێپێچینەوەتان لەگەڵدا بکرێت و کار و کردەوەکانتان بکێشن پێش ئەوەی کار و کردەوەکانتان بکێشرێت لە تەرازووی ڕۆژی دوایی)) [1].

وە ئیمامی(علی) خودا لێی رازی بێت دەفەرموێت ((هەر کەسێك وا هەست بکات کە بەبێ کۆشش و

---

[1] (هندی لە (کنز الاعمال) دەری هێناوە بە ژمارەی ٤٤٢٠٣ لە عمری کوری خەتاب (موقوفا).

ماندووبوون دەگات(بە بەهشت) ئەوە ئەو کەسە خۆزگە خوازە، وە هەر کەسێك وا هەست بکات کە بە کۆششکردن ماندووبوون دەگات ئەوە ئەو کەسە سەربەستە و منەتی بە کەس نیە))

وە (حسن البصری) رەحمەتی خودای لیٚ بێت دەفەرمووێت: ((داوا کردنی بەهەشت بەبیٚ کردەوە تاوانێکە لە تاوانەکان)).

وە دەفەرمووێت:((نیشانەی راستی ، وازهێنانە لە سەرەنج دانی کار و کردەوە ، نەك وازهێنان لە کردەوە)) .

- وەپێغەمبەری خودا دەفەرمووێت ((مرۆڤی ژیر ئەو کەسەیە کە ملکەچ دەبێت و کار و کردەوە بۆ دوای مردنی دەکات، وە مرۆڤی نەفام و نەزانیش ئەو کەسەیە کە دوای هەواو ئارەزووەکانی دەکەوێت و داوا وەدیهێنانی ئاواتەکانی دەکات لە پەروەردگار))[١].

---

١ ئەم فەرموودەیە ترمزی و احمد و ابن ماجە و حاکم – گێڕاویانەتەوە.

ئەی گەنج !!

چـەندەها جـار شـەوەکانت زینـدوو کردۆتـەوە بـە دووبـارە کردنـەوە و فێربـوونی زانسـت و خوێندنـەوەی کتێـب، خـەوت لـە خـۆت زڕانـدووە ؟ نـازانم چ هانـدەر و هۆکـار بـووە؟ ئەگـەر مەبەسـت وەدەسـتهێنانی مـاڵ و سامانی دونیا و شانازی پێوەکردنی وە دەستهێنانی پلە و پایـە بێـت تـاوەکو خـۆت بـە گـەورە بزانـی لـە سـەر ئـەو کەسانەی کە لە هاوشان و هـاو کوفی تـۆن ئـەوە هـاوار بـە ماڵت!! بەڵام ئەگەر مەبەستت لەم کـارە زینـدوو کردنـەوەی شەریعەتی پێغەمبەر بێت وە هـەروەها خـوو ڕەوشـتت پـێ جوان بکەیت وە ئەو نەفسـە بشـکێنی کـە فرمـان دەدات بـە هەڵە و خراپە کردن، ئەوە خۆشی و شادی بۆ تۆیە .

- بۆیە شاعیر راست دەفەرمووێت کە دەڵێت:

سهر العيون لغير وجهك ضائعُ

وبكاؤهـــن لغير فقدك باطـــلُ

واتە-

بەراستی شەونخوونی چاوەکان بۆجگەلەتۆبەفیڕۆ

چووە

وە گریانی چاوەکانیش بۆ جگە لە تۆ بە نارەوا

بووە

ئەی گەنج !!

((هەر چەند دەتەوێت بژی، بەڵام تۆ دەمریت وە هەر کەسێکت ویست خۆشت بوێت، بەڵام تۆ بەجێی دەهێڵی، وەهەر شتێکت ویست ئەنجامی بدە، پاداشتەکەی وەردەگری))[1] .

---

[1] (طبراني لە (الأوسط) دەگێڕێتەوە (شیرازی) لە (الألقاب) دەگێڕنەوە، وە ابو (نعیم) و (الحاکم)یش دەیگێڕنەوە.

ئەی گەنج !!

چ شتێك وەدەست دەهێنی لە خوێندنی زانستی (كلام) و (خیلاف) زانستی پزیشكی و زانستی (دواوین، أشعار، نجوم، عروض، نحو و تصریف)[1] جگە لە بەفیڕۆدانی تەمەن (چونكە هیچ یەك لەم زانستانە پەیوەندی بە ناسینی خودای گەورە و ئاینی خودای گەورەوە نییە).

- (من) لە (ئینجیلی) حەزرەتی (عیسی) درود و سەلامی خودای لەسەر بێت بینیوە كە فەرموویەتی ((لەو ساتەی كە مردووە دەخرێتە ناو دارەبازەكەوە و لە سەر رۆخی قەبرەكەی دادەنرێت، پەروەردگار بە گەورەیی خۆی چل پرسیاری لێ دەكات، یەكەم پرسیاری دەفەرمووێت:

---

[1] ئەمانە چەند جۆرێكن لە زانستەكانی زمانی عەرەبی .

- بەندەکەم چەندان ساڵ بە رواڵەت خۆت جوان کرد و رازاندەوە، بەڵام بۆ ساتێکیش ناخت بۆ من پاک نەکردووە.

جا پەروەردگار هەموو رۆژێك تەماشای ناخ و دڵت دەکات و پێت دەفەرمووێت:

ئەو کار و کردەوەی کە دەیکەیت بۆ جگە لە منە لە کاتێکدا کە تۆ دەورە دراوی بە چاکە و بەخششی من.

جا ئایا تۆ کەڕی گوێبیست نابی؟.

ئەی گەنج !!

زانست بە بێ کردەوە شێتییە، کردەوەش بە بێ زانست هەرگیز نابێت.

بزانە :کە هەندێك زانست هەیە لە گوناە بە دوورت ناخاتەوە وە نزیکت ناخاتەوە بۆ بەندایەتی پەروەردگار، هەروەها بۆ بەیانیش دوورت ناخاتەوە لە ئاگری دۆزەخ،

جا ئەگەر ئەمڕۆ کار و کردەوە نەکەی وە درك بە رابردوو نەکەی ئەوە بەیانی لە رۆژی دوایی دەڵێیت : ((فَارْجِعْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا)).

((ئێمە بگەڕێنەوە بۆ دونیا مەرج بێت کار و کردەوەی چاك ئەنجام بدەیت)) (السجدة –١٢)

ئەوە پێت دەڵێت:–

ئەی نەفام تۆ لە دونیا هاتی (واتە بۆ ئەو کات لە دونیا کاری چاکت نەکرد؟) .

ئەی گەنج !!

با نیازت تەنها زکری پەروەردگار بێت، با نەفست نەتبەزێنێت لە پێناو بەجێ گەیاندنی هەواو ئارەزووەکانی، جێگات تەنها گۆڕەکەتە، جا کردەوەی بۆ بکە، چونکە مردووەکانی گۆڕستان چاوەڕوانت دەکەن، کەی دەگەیتە لایان؟ جا ئاگات لە خۆت بێت لەوەی کە بێ کردەوەی چاك بگەیتە لایان!.

(أبـو بكـر) خـودا لێـی رازی بێـت دەفـەرموویێت: ئـەم جەسـتانە قەفەسـی باڵندەیـە، وە پـەرژینی ماڵاتـە، جا تـۆ بیربکـەوە لـە خـۆت کـە تـۆ لـە کام لەمانـەی؟ ئەگـەر تـۆ لـە باڵنـدە بـەرزە فڕەکـانی ئـەوە کاتێـك گوێـت لـە دەنگـی ((ارْجِعِـي إِلَـى رَبِّـكِ رَاضِـيَةً مَّرْضِـيَّةً)) (بگـەڕێوە لای پەروەردگارت) (الفجر- ٢٨) دەبێت، ئـەوە لـە بەرزاییەکان دەفــڕی تــاکو لــە ســەر کۆشــکە بــەرزەکانی بەهەشــت بنیشــیەوە، هــەروەکو چــۆن پێغەمبــەر دەفــەرموویێت: ((عەرشی پەروەردگار بە مردنـی سعدی کوڕی معاز هاتـە لەرزین و هەژان))[1] پەنا بەخودا ئەگەر تۆ لە گیانەوەران بی هەروەك پەروەردگار دەفەرمووێ:

بسم الله الرحمن الرحيم ((أُوْلَـئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُوْلَـئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ)).

[1] ئیمامي مسلم وئیمامي بخاری و ئیمامي احمد و ئیمـامي ترمـذي ابن ماجه گێڕاویانەتەوە.

((ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان، بەڵکو ئەوانە وێڵ تریشن ئا ئەوانە هەر غافڵ و بێ ئاگان لە حەق)) (الاعراف- ١٧٩)

ئەمجا دڵنیا مەبە لە گواستنەوەت لە ماڵی دونیا بۆ ریسوا بوون لە دۆزەخ، دەگێڕنەوە کە (حەسەنی بصری) - خودا لێی رازی بێت- پەرداخێك ئاویان پێدا، جا کاتێك کە پەرداخەکەی وەرگرت، لە هۆش خۆی چوو، پەرداخەکەی لە دەست بەربووەوە، بۆیە کاتێك هاتەوە هۆش خۆی پێیان فەرموو چیتە ئەی باوکی سەعید ؟

فەرمووی: خۆزگەکەی خەڵکانی دۆزەخم وەبیر هاتەوە کاتێك کە بە خەڵکانی بەهەشت دەڵێن:

((وَنَادَى أَصْحَابُ النَّارِ أَصْحَابَ الْجَنَّةِ أَنْ أَفِيضُواْ عَلَيْنَا مِنَ الْمَاء أَوْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللّهُ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى الْكَافِرِينَ)).

((نەختێك ئاومان بەسەردا بڕێژن، یان بەشمان بدەن لەو رزق و رۆزیەی کە پەروەردگار پێی بەخشیون))

(الاعراف – ٥٠).

ئەی گەنج !!

ئەگەر تەنها زانست بەس بووبا بۆت و پێویستیت بە هیچی تر نەبووبا جگە لەو، ئەوە بانگی ((ئایا کەس هەیە داوام لێ بکات؟ ئایا کەس هەیە داوای لێخۆشبوونم لێ بکات))[1] بێ سوود و بێ هوودە بوو.

وە دەگێڕنەوە کە کۆمەڵێك لە یاوەران – خودا لێیان رازی بێت– باسی (عبدالله کوڕی عمر)یان کرد، خودا لێی رازی بێت، لە لای پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێغەمبەریش فەرمووی ((چاکترین پیاوە (عبدالله) ئەگەر بهاتایە نوێژی بکردبا لە نیوە شەودا))[2]

وە هەروەها پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بە یەکێ لە یاوەرەکانی فەرموو ((ئەی فلان، زۆر مەخەوە لە

---

[1] إمام مسلم و ئیمام أحمد– گێڕاویانەتەوە بە تەواو چونکە ئەمە نیوەی فەرموودەکەیە.

[2] ئیمامی بخاری و ئیمامی مسلم – گێڕاویانەتەوە.

شەودا، چونکە زۆر نوستن لە شەودا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم کەسە هەژار بێت (لە کردەوەی چاك) لە رۆژی دوایی))

ئەی گەنج !!

بسم الله الرحمن الرحيم ((وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ)).

(لە بەشێکی شەوگاردا خۆت ماندوو بکە)(الإسراء – ٧٩). ئەمە ئەرکو فەرمانە لە سەرت .

وە ((وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ)).

((لە بەرەبەیانیش دا داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگاریان دەکەن)) (الذاريات –١٨)

ئەمەش سوپاس و ستایش کردنە .

وە ((وَالْمُسْتَغْفِرِينَ بِالأَسْحَارِ)).

(ئەوانەی داوای لیٚ خۆشبوون دەکەن لە پەروەردگار لە کاتەکانی بەرەبەیاندا) (ال عمران– ١٧)

که ئەمەش یاد کردنەوەیە .

- پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) دەفەرمووێ:
((سێ دەنگ هەنە کە پەروەردگار خۆشیانی دەوێت ئەوانیش:

دەنگی کەڵە شێر، وە دەنگی ئەو کەسەی کە قورئان دەخوێنێ، وە دەنگی ئەو کەسانەی کە داوای لێ خۆشبوون دەکەن لە بەرە بەیاندا))[1]

(سوفیانی ثوری) خودا لێی رازی بێت دەفەرمووێت:

(پەروەردگار شنە بایەکی دروست کردووە کە لە بەرەبەیان هەڵدەکات، کە زکر و یادی ئەو کەسانە هەڵدەگرێت کە داوای لێخۆشبوون دەکەن لە پەروەردگاریان، بۆ ئەوەی بیگەینێتە لای پەروەردگاری خاوەن دەسەڵات) .

[1] (ابن ماجە)روایەتی کردوە،هەروەها (البیهقی) لە (شعب)هێناویەتی..

هەروەها دەفەرمووێت : (کاتێك سەرەتای شەو دادێت بـــانگ خوازێـــك بـــانگ هەڵـــدەدێرێ لـــە ژێـــر عەرشـــی پەروەردگار دەفەرمووێت :

ئایـا بەنـدەکان هەڵناسـن ؟ ئـەمجا هەڵدەسـتن و نوێـژ دەکەن، ماشاءاللە.

هەروەها بانگخوازێك بانگ هەڵدەدێرێ لە کاتی نیوە شەودا و دەفەرمووێت:

ئایـا گـوێ رایەڵـەکانی (خـودا پەرسـتی) هەڵناسـن ؟ ئـەمجا هەڵدەسـتن و نوێژدەکـەن تـاوەکو کاتـەکانی بـەرە بـەیان، جـا کاتێـك بەرەبـەیان دێـت بـانگ خوازێـك بـانگ هەڵدەدێرێ دەفەرمووێ:

ئایا ئەو کەسانەی کە داوای لێخۆشبوون دەکەن کاتی نەهاتووە هەڵسن ؟ ئەمجا هەڵدەستن و داوای لێخۆشبوون دەکەن.

وە کاتێـــك كـــە ڕۆژ هەڵـــدێت بـــانگ خوازێـــك بـــانگ هەڵدەدێرێ دەفەرمووێ:

ئایـا کـاتی ئـەوە نـەهاتووە بـێ ئاگایـەکان هەڵسـن ؟ ئـەمجا هەڵدەسـتن لـە نـاو جێگاكانيـان هـەروەك چـۆن مردووەکان لە ناو گۆڕەکانیان زیندوو دەکرێنەوە.

ئەی گەنج !!

دەگێڕنەوە لە یەکێ لە وسیەتەکانی (لقمان حکیم) هاتووە کـە بـە کوڕەکـەی فـەرمووە: (ئـەی کـوڕی خۆشەویسـتم، بـا کەڵەشـێر لـە تـۆ ئاقـڵ و ژیرتـر نـەبێت لـە کاتێکـدا ئـەو لـە بەرەبەیادا دەخوێنێت بانگ هەڵدەدێرێ تۆش خەوتووی.

لقد هتفت في جنح ليل حمامة

علـى فنن وهنا واني لنائــــمُ

كذبت وبيت الله لو كنت عاشقا

لـما سبقنى بالبكاء الحمائـمُ

و أزعمُ اني هائم ذو صبابــــة

لربي فلا ابكي وتبكي البهائم

ئەی گەنج !!

کورتــەی زانســت ئەوەیــە کــە بزانــی ملکەچــی و بەندایەتی چیە.

- بزانە کە گوێڕایـەڵی و بەندایـەتی کـردن ئەوەیـە کـە شوێن کەوتەی پێغەمبـەر بن لـەو کارانـەی کـە فرمـانی پـێ کراوە بکرێت وە لەو کارانەی کـە نـەهی لێ کـراوە نـەکرێت، ئەمەش بە وتە و کردەوە دەبێت.

واتــە: هــەموو ئــەو شــتانەی کــە دەیڵێــی و ئــەنجامی دەدەی بــەجێی دێڵــی بــە گــوێرەی شــوێن پــێ کــەوتنی (پێغەمبەر)ە، هەروەك چۆن گـەر لـە ڕۆژی جـەژن و ڕۆژانـی (تشریق)[1] ڕۆژوو بگریت و گونـاه بـار دەبیـت، یـاخود بـە

---

[1] واتە ڕۆژی دووەم و سێیەم و چوارەمی جەژنی قوربان.

جلوبەرگێك نوێژ بکەین کە بە زۆر سەنرا بێت، جا ئەگەر ئەمە وێنەی بەندایەتی بێت ئەوە هەر گوناهبار دەبیت.

ئەی گەنج !!

پێویستە گوتە و رەفتارت گونجاو بێت لەگەڵ شەریعەت، چونکە زانستی بەبێ کردەوە گومڕاییە، وە پێویستە کە خۆت هەڵنەخەڵەتێنی و فێڵ لە خۆت نەکەیت بە (شطح و طامات)ی سۆفی گەری، چونکە گرتنە بەری ئەم رێگەیە بە تێکۆشان و لەناوبردنی هەواو ئارەزووەکانی نەفس و دەروونە لە ناوبردنیەتی بە شمشێری مەشقی دەروونی نەك بە (طامات) و شتی پڕوچووچ و ناڕەوا.

- وە چاك بزانە: کە زمانی رەها[1] و دڵی داپۆشراوی پڕ لە بێ ئاگای هەواو ئارەزوو نیشانەی بێ حەیاییە جا ئەگەر هەواو ئارەزووی ئەم نەفسەت نەکوژی بە

١ واتە ئەو زمانەی کە هەموو قسەیەك بە گوێرەی هەوا و ئارەزووی خۆی دەکات.

راستگۆیی تێکۆشان ئەوا دڵت هەرگیز زیندوو نابێت بە ڕووناکی زانست و زانیاری.

وەچاك بزانە : هەندێك لەو پرسیارانەی کە لێت پرسیوم[1] وەڵامەکانیان ڕاست و دروست نابێت بە نووسین و گوتە، بەڵام کە کاتێك دەگەیتە ئەم بارودۆخە تێدەگەی، وە ئەگەر نا وەڵامەکەی زۆر مەحاڵە بیزانی چونکە ئەم پرسیارانە بەهای تایبەتی خۆی هەیە، ئەمجا هەر شتێکیش بەهای هەبێت وەسف کردنی بە قسە تەواو نابێت، وەکو شیرناتی شیرنەمەنی وە تاڵی تاڵیەتی کە تا تامی نەکەیت نازانی کە تامی چۆنە.

دەگێڕنەوە کە (پیاوێکی (عنین)[2] نامەیەکی بۆ هاوڕێیەکی نووسی گوتی: باسی تام و چێژی جووت بوونم بۆ بکە کە چۆنە؟ جا هاوڕییەکەی لە وەڵامیدا بۆی نووسی: ئەی فلان، من وام هەست دەکرد کە تۆ تەنها

١ مەبەستی وەڵامی پرسیارەکانی قوتابییەکەیەتی کە پرسیاری لێ کردووە.
٢ (عنین) ئەو کەسەیە کە سستە لە هێزی پیاوەتیدا.

(عنین)ی، بەڵام ئێستا زانیم کە تۆ (عنین) و گێلیشی، چونکە ئەم تامو چێژە خاوەن بەهایە، گەر پێی بگەی ئەمجا تێی دەگەی و هەستی پێ دەکەی، ئەگەر نا ناتوانرێت بە قسە و بە نووسین وەسف بکرێت؟.

ئەی گەنج !!

هەندێك پرسیارت لەم رووەوەیە، بەڵام ئەو پرسیارانەی کە وەڵامی راست و دروستیان هەیە ئەوە لە کتێبی (احیاء علوم الدین[1]) باسمان کردووە لەگەڵ جگە لەم کتابانەش، جا ئا لێرەدا کورتەیەکی لێ باس دەکەین ئامارژەی بۆ دەکەین و دەڵێین:

ئەو کەسەی ئەم رێگایە دەگرێتە بەر چوار شت لە سەری پێویست دەبێت:

١ ئەوە یەکێکە لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکانی (ئیمامی غزالی) خودا لێی رازی بێت.

یەکەم/ بیرو باوەڕێکی پتەو و راست کە هیچ بیدعەیەکی تێدا نەبێت.

دووەم/ تەوبەیەکی چاك کە هەرگیز جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەر گوناه و تاوان.

سێیەم/ رازی کردنی نەیارەکان بۆ ئەوەی حەقی کەست بەسەرەوە نەمێنێت.

چوارەم/ وەدەستهێنانی زانستی شەریعەت بە ئەندازەی ئەوەی کە دەتوانیت فرمانەکانی پەروەردگار جێبەجێ بکەین، پاشان وەدەستهێنانی ئەو زانستانەی کە دەبێتە هۆی رزگاربوونت لە رۆژی دوایی.

دەگێڕنەوە کە (شیبلی)[1] خودا لێی رازی بێت- خزمەتی چوار سەد مامۆستای کردووە.

١ (شیبلی) ناوی (ابو بکر)ە، لە بەغداد لە دایك بووە هەر لە وێش گەورە بووە یەکێکە لە خودا ناس و سۆفیگەرەکان لە ساڵی ٣٣٤ی کۆچی - کۆچی دوایی کردووە گۆڕەکەشی هەر لە بەغدایە.

جا دەفەرموویێت/ چوار هەزار فەرموودەم خوێندووە، ئەمجا یەك فەرموودەم هەڵبژاردووە و كارم پێی كردووە وە وازم لەوانی تر هێناوە، چونكە من زۆر دیقەت و سەرنجم داوە بەم فەرموودەیە جا سەرفرازی رزگاربوونی خۆم تیادا دۆزیوەتەوە، كە زانستی یەكەمەكان و كۆتایی هەمووی تێدا تێك هەڵكێشراوە، منیش ئەوەندەم بەس بوو.

ئەوەش یەكێكە لەو فەرموودانەی كە (پێغەمبەر) بە هەندێك لە یاوەرەكانی فەرموو ((بە ئەندازەی ئەوەی كە لە دونیا دەژی كاری بۆ بكە، وە كار بۆ رۆژی دوایی بكە بە ئەندازەی ئەوەی كە تیادا دەمێنیتەوە، وە كردەوە بۆ پەروەردگارت بكە بە ئەندازەی ئەوەی كە پێویستیت پێیەتی ، وە كار بۆ ئاگر بكە بە ئەندازەی ئەوەی بەرگە ئەگری لەسەری)).

ئەی گەنج !!

ئەگـەر ئـەم فەرموودەیـەت زانـی ئـەوە تێدەگـەی کـە پێویسـتیت بـە زانسـتی زۆر نیـە وەهـەروەها دیقـەتی چیرۆکێکی تر بدە ئەویش ئەوەیە:

(حـاتم الاصـم)[1] یـەکێك بـوو لـە هاوڕێیـەکانی (شـقیق البلخـی)[2] خـودا لێیـان رازی بێـت. بۆیـە ڕۆژێـك (شـقیق) پرسیاری لە (حاتم) کردو فەرمووی:

- بـۆ مـاوەی سـی سـاڵ هاوڕێیـەتی منـت کـردووە، چـیت وەدەسـت هێنـاوە، فـەرمووی: هەشـت سـوودم بـە دەست هێناوە لە زانست کە ئەمانیش بەسە بۆ من چونکە سـەرفرازی رزگـاربوونی مـنی تێدایـە، بۆیـە (شـقیق) فەرمووی ئەم سوودانە چین؟

---

[1] (حـاتم الاصـم) یەکێکـە لـە زاهیـدو خواناسـەکان ، کـە بـە (لوقمـانی ئومـەتی پێغەمبەر) ناسراوە ، ساڵی ٢٣٧ك ، کوچی دوایی کردوە .

[2] (شقیق البلخی) یەکیکە لە صوفی و خواناس و موجاهیدەکان ، ساڵی ١٩٤ ك ، کۆچی دوایی کردوە .

(حاتم) فەرمووی:

سوودی یەکەم: من سەیری خەڵکم کرد بینیم هەرکەسەو خۆشەویست و ئاشقێکی هەیە کە خۆشی دەوێت و عاشقی دەبێت ، جا هەندێك كات ئەم خۆشەویستە لەگەڵیەتی تا رۆژی مردنی، وە هەندێکیان لەگەڵیەتی تا سەر رۆخی گۆڕ، جا پاشان بەجێی دەهێڵێت و بە تەنیایی وە هیچ کامێکیان ناچنە گۆڕ لەگەڵی، جا من بیرم کردەوە و گوتم: چاکترین خۆشەویستی مرۆڤ ئەوەیە کە بچێتە گۆڕی لەگەڵی و هاودەمی بکات، جا من هیچ شتێکم نەبینیوە کە وا بێت جگە لە کاروکردەوەی چاکە بۆیە منیش کردمە خۆشەویستی خۆم بۆ ئەوەی ببێتە رووناکی بۆم لە گۆڕم و هاودەمیم بکات و بەجێم نەهێڵێت.

سوودی دووەم:

من بینیم خەڵك شوێن پێی هەوا و ئارەزووەکانیان دەکەون، هەروەها دەست پێشخەری دەکەن بۆ

وەدیهێنـانی ویسـت و ئارەزووەکـانی نەفسـیان، جـا مـن دیقەتی فەرموودەی پەروەردگارم دا کە دەفەرمووێ:

بسـم الله الـرحمن الـرحیم ((وَأَمَّـا مَـنْ خَـافَ مَقَـامَ رَبِّـهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى(٤٠) فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى)).

واتـە ((ئـەو کەسـەی لـە پایـە و شـکۆی پـەروەردگاری ترسـابێت و حیسـابی بـۆ کردبێـت و جڵـەوی نەفسـی گرتبێتـەوە لـە هـەموو هـەوا و هـەوەس و ئـارەزووێکی نادروسـت، بێگومـان هـەر بەهەشـت جێگـەی مانـەوە و حەوانەوە و گوزەرانیەتی)) (النازعات -٤٠-٤١).

سوودی سێیەم:

مـن بینـیم کـە هـەر یـەکێك لـە خـەڵك هەوڵـدەدات و کـار دەکات بۆ وەدەستهێنانی ماڵ و سامانی دونیا، پاشان بە تونـدی دەیگرێـت تـاوەکو لـە دەسـتی نەچێت. جـا مـن دیقەتی فەرموودەی پەروەردگارم دا کە دەفەرمووێ:

بسم الله الرحمن الرحيم ((مَا عِنْدَكُمْ يَنْفَدُ وَمَا عِنْدَ اللَّهِ بَاقٍ)).

((ئەوەی لای ئێوەیە بە ئێوە بەخشراوە تەواو دەبێت، بەڵام ئەوەی لە لای پەروەردگارە هەر دەمێنێتەوە)) (النحل ٩٦).

جا منیش ئەوەی بەدەستم هێنا لە دونیادا بەخشیم لە پێناوی پەروەردگار دابەشم کرد لە نێوان هەژار و نەدارەکان تاوەکو ببێتە زاد و زەخیرە بۆم لە لای پەروەردگار بۆ رۆژی دوایی.

سوودی چوارەم:

من بینیم هەندێك خەڵك وا هەست دەکەن کە شەرەف و شکۆمەندی و عزەتیان لەوە دایە کە قەومو عەشیرەتیان زۆر بێت، بەڵام ئەمانە فێڵیان لەگەڵ خۆیاندا کردووە، هەندێکیان وایان هەست دەکرد کە دەبێت ماڵ و سامانی زۆریان هەبێت یاخود منداڵی زۆریان هەبێت ئەمجا

شانازیان بەمانە دەکرد. هەروەها هەندێکیان وایان هەست دەکرد کە شەرەف و عزەت لەوەدایە کە ماڵ و سامان بە زۆری لە خەڵك بسەنی یاخود ستەمیان لێ بکەی یاخود خوێنیان بڕێژی. هەروەها هەندێکی تریان بڕوایان وابوو کە شەرەف و عزەت لەوە دایە کە ماڵ و سامان بە فیڕۆ بدەیت و دەست بڵاو بی.

بەڵام من دیقەتی فەرموودەی پەروەردگارم دا کە دەفەرمووێت: بسم الله الرحمن الرحيم ((إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ)).

((بەراستی بەڕێزترینتان لای پەروەردگار ئەو کەسانەتانە کە زۆرتر لە خودا ترسە و فرمان بەرداری خودایە)) (الحجرات -١٣).

جا منیش - تەقوام هەڵبژارد و بڕواشم وابوو کە قورئان راست و دروستە، وە ئەو کەسانەی ئەم جۆرە هەستانەیان لا هەبوو، هەموو ناڕەواو لەناوچوو بوون.

سوودی پێنجەمم:

من بینیم خەڵك بە خراپە باسی یەكتر دەكات، هەروەها بە غەیبەتیش باسی یەكتر دەكەن، ئەمجا زانیم كە ئەمە حەسوودیە لە ماڵ و سامان یاخود لە شكۆمەندی یاخود لە زانست. جا منیش دیقەتی فەرموودەی پەروەردگارم دا كە دەفەرمووێت:

بسم الله الرحمن الرحيم ((نَحْنُ قَسَمْنَا بَيْنَهُم مَّعِيشَتَهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا)).

((ئێمە رزق و رۆزیمان لە نێوانیاندا دابەش كردووە لە ژیانی دونیادا)) (الزخرف-٣٢).

جا تێگەیشتم كە رزق و رۆزی دابەش كراوە لە لایەن پەروەردگار هەر لە ئەزەلەوە، ئەمجا حەسودیم بە كەس نەبردووە بەڵكو بە قسمەتی پەروەردگار رازی بووم.

سوودی شەشەم:

مـن بینـیم کـه خـەڵك دوژمنایـەتی یـەکتر دەکـەن لـه پێناوی مەبەستێك یاخود لەبەر هۆکارێك، منـیش دیقـەتی فەرموودەی پەروەردگارمدا که دەفەرمووێت:

بســم الله الــرحمن الــرحیم ((إِنَّ الشَّــيْطَانَ لَكُـمْ عَـدُوٌّ فَاتَّخِذُوهُ عَدُوًّا)).

((بـه راسـتی شـەیتان دوژمنتانـه ئێـوەش بـه دوژمـنی خۆتانی دابنێن)) (فاطر-٦)

تێگەیشتم که رزق و رۆزیم لـه سـەر پەروەردگاره، که بۆمی زامـن کـردووه، ئـەمجا منـیش خـۆم سـەرقاڵ کـرد بـه بەندایـەتیکردنی وه هیـوا و ئاواتـەکانم بـۆ هـەموو شـتێك پچڕاند تەنها بۆ پەروەردگار نەبێت.

سوودی هەشتەم:

من بینیم کـه هـەر یـەکێك پشـتی بەسـتووه بـه شـتێکی دروسـت کـراوه، هێنـدێکیان پشـتیان بـه دینـار و درهـەم

بەستووە، وە هێندێکیان پشتیان بەستووە بە ماڵ و سامانی پاشایەتی، وەهێندێکیان بە پیشە و ئیش و کار و هێندێکیان پشتیان بەستووە بە دروست کراوێکی وەك خۆیان.

منیش دیقەتی فەرموودەی پەروەردگارم دا کە دەفەرمووێت:

بسم الله الرحمن الرحيم ((وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ إِنَّ اللَّهَ بَالِغُ أَمْرِهِ)).

((ئەوەی پشت بە خودا ببەستێت، ئەو زاتەی بەسە، بۆ ئەوەی یاریدەدەری بێت، چونکە بەراستی خودا کار و فرمانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت))(الطلاق-٣)

منیش پشتم بەخودا بەستن چونکە هەر ئەو بەسە کە پشتی پێ ببەسترێت.

ئەمجا (شقیق) فەرمووی: خودا سەرکەوتووت بکات، من سەیری (تەورات و ئینجیل و زەبور و فرقان)م کردووە و خوێندوومەتە کە هەر چواریان لە چوار دەوری ئەم هەشت سوودە دەخوولێنەوە، بۆیە هەر کەسێك كار بەم هەشت سوودە بکات ئەوە وەکو ئەوە وایە کە کاری بە هەر چوار کتێبەکە کردبێت (مەبەستی- تەورات، ئینجیل، زەبور، قورئانە).

ئەی گەنج !!

تـۆ لـەم دوو چـیرۆکە فێـر بوویـت کـە پێویسـتیت بـە زانسـت نیـە، بۆیـە ئێسـتا بـۆت روون دەکەمـەوە کـە چـی پێویسـتە لەسـەر ئـەو کەسـە بیکـات کـە رێگـای راسـتی دەگرێتبەر.

چـاك بزانـە : ئـەو کەسـەی کـە دەیـەوێت ئـەم رێگەیـە بگرێتـە بـەر پێویسـتە مامۆسـتایەك و رێنیشـاندەرێکی هـەبێت، بـۆ ئـەوەی رەوشـتە خراپـەکانت پـێ نـەهێڵێت بـە پەروەردەکردنەکـەی، بـۆ ئـەوەی رەوشـتی چـاك جێگـەی بگرێت، جا مانای پەروەردەکردنیش وەکو نموونە:

ئەو جووتیارەیە کە دڕکەکان هەڵدەکێشێت وە رووەکە غەریبـەکانیش دەردێنێـت لـە نێـو کێڵگەکـەی بـۆ ئـەوەی رووەکەکە بە چاکی گەشە بکات وە بۆنەکەشی خوش بێت ، هەروەها پێویستە ئەو کەسەی ئەم رێگەیـە دەگرێتـە بـەر مامۆسـتایەکی هـەبێت بـۆ ئـەوەی پـەروەردەی بکـات و

ڕێگـای نیشـان بـدات بـۆ ڕێگـای پـەروەردگار، چـونکە پەروەردگار پەیامبەری ناردووە بۆ بەندەکانی بۆ ئەوەی ڕێگـای خـودا یـان پـێ نیشـان بـدات، بۆیـە کاتێـك کـە (پێغەمبـەر) صـلى الله عليـه وسـلم ڕۆیـی ئـەوە جێنشینەکانی جێگایان گرتەوە (الخلفاء الراشدين) بۆ ئەوەی خەڵك ڕێنوێنی بکەن لە دوای ئەو. وە مەرجەکانی ئەو کەسەش کە جێگەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەگرێتەوە، ئەوەیە کە پێویستە زانا بێت، بەڵام هەموو زانایەك بۆ جێنشینی دەست نادات.

جـا مـن هەنـدێك لـە نیشـانەکانی زانـات بـۆ ڕوون دەکەمەوە بۆ ئەوەی هەموو کەسێك نەڵێ من ڕێ نیشان دەرم:

بۆیە دەڵێین:

١- ڕێ نیشـاندەر ئـەو کەسـەیە کـە خۆشەویسـتی دونیا و شکۆمەندی و گەورەیی ڕەت دەکاتەوە.

٢- وەدەبێت شوێن پێی یەکێك بووبێت کە یەك لە دوای یەك رەچەڵەکی بگەڕێتەوە بۆ (پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم.

٣- هەروەها دەبێت خۆی راهێنابێت لە کەم خواردن و کەم گوتن و کەم خەوی، هەروەها زۆر نوێژکردن و خێرکردن و زۆر بە رۆژووبوون.

٤- هەروەها دەبێت ئەو کەسەی کە شوێن پێی ئەم مامۆستایە چاوساغە دەکەوێت، ئەنجامدانی خورەوشتی جوانی لا ئاسان بێت وەکو ئارام گرتن و نوێژ و سوپاس و ستایشکردنی پەروەردگار و هەروەها پشت بەستن و بێگومانی و قەناعەتی لا دروست ببێت بە پەروەردگار، هەروەها دڵنیابوون و ئارامی نەفس و ژیری و خۆ بەکەم زانین و زانست و راستگۆیی لا دروست ببێت، هەروەها شەرم و حەیا و وەفا و شکۆداری و بێ دەنگی و زۆر شتی وەکو ئەمانەشی لا دروست بێت، ئەمجا ئەمە دەبێتەرووناکیەك لە رووناکیەکانی (پێغەمبەر).

وە کاتێك ئەم سیفەتانەی هەبوو، ئەو کات دەتوانرێت شوێن پێی ئەم مامۆستایە هەڵبگرێت، بەڵام هەبوونی ئەم جۆرە مامۆستایەش زۆر دەگمەنە و زۆر بە بەهاترە لە (گۆگردی سوور)[1].

جا هەر کەسێك خۆشی و کامەرانی رێگەی پێدابێت ئەوە ئەم جۆرە مامۆستایەو پەروەردکارە دەدۆزێتەوە و چاوی پێی دەکەوێت، بۆیە لەسەری پێویستە کە زۆر بەچاکی رێزی لێ بگرێت لە دەرەوە و لە ناخەوەش.

جا رێزگرتن لە رووی دەرەوە ئەمانەن:

١- زۆر موناقەشەی لەگەڵدا نەکات وە خۆی سەرقاڵ نەکات بە هێنانەدی بەڵگە لە هەموو پرسیارێکدا، ئەگەر بشزانێت کە مۆمۆستاکەی هەڵەیە.

١ مەبەستی ئەوەیە: هەروەك چۆن گۆگردی سوور بە بەهایە و لە هەموو شوێنێك وەدەست ناکەوێت، مامۆستای چاکیش ئەوەها دەگمەنە.

٢- هەروەها دوو گردی لە بەر دەستیدانەنێت تەنها لە کاتی ئەنجامدانی نوێژ نەبێت، وە کاتێك کە لە نێژەکەی تەواو بوو دوو گردەکە هەڵگرێتەوە.

٣- جگە لە نوێژە سونەتەکان نوێژی تر نەکات بە ئامادەبوونی ئەو واتە کاتێك لە لای ئەوە.

٤- هەروەها ئەو کارانەی کە مامۆستاکەی پێی دەسپێرێت ئەنجامی بدات بە گوێرەی تواناى.

وە رێزگرتن لە ناخیشەوە ئەمانەن:

١- هەر شتێك کە گوێ بیستی دەبێت و وەری دەگرێت بە رواڵەت لە ناخدا ئینکاری نەکات (واتە: بڕوای پێ نەبێت) ئەم ئینکارییەش نابێت بە رەفتار بێت وە نە بە گوتن بێت، تاوەکو تووشی دووڕوویی نەبێت، ئەگەر هاتوو رواڵەت و ناخیشی لەگەڵ یەك نەگونجا.

٢- هەروەها پێوستە خۆی بپارێزێت لە دانیشتن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خاوەن رەوشتی بەد و خراپن

بۆیە دەبێت جێگای شەیتانی ئینس و جن لە ناوەڕاستی دڵی خۆی دەربکات و نەیان هێڵێت، بۆ ئەوەی لە پیسی و خراپەی شەیتانی پاك ببێتەوە، جا بەهەر حاڵ دەبێت هەژاری هەڵبژێرێت لە سەر دەوڵەمەندی.

جا بزانە کە (تەصەوف)[1] دوو سیفەتی هەیە:

١- گرتنی ڕێگای ڕاست و بەردەوام بوون لەسەری.

٢- وەبێ دەنگ بوون لە بەرامبەر خەڵکیدا. ئەمجا هەر کەسێك ڕێگای ڕاستی بگرێتە بەر بەردەوام بێت لەسەری وە کار و کردەوەی جوان و خووڕەوشتی جوان بەکاربهێنێت لە بەرامبەر خەڵکیدا، وە بە ئاقڵی و ژیری مامەڵەیان لەگەڵ دا بکات ئەوە ئەو کەسە (صوفی) بە ڕاستیە.

---

١ یەکێکە لەو تەریقەتانەی کە (ئیمام الغزالی) گرتویەتیە بەر لە کۆتایەتی ژیانیدا.

وە بـەردەوامبوون لەسـەر رێگـای راسـت ئەوەیـە کـە (شـەنس و هـەوا و ئارەزووەکـانی نەفسـی خـۆی بکاتـە قوربانی بۆ رزگاربوونی نەفسی و سەرفرازبوونی).

وە رەوشت جوانی بەرامبەر خەڵك ئەوەیە کە (ئەرکێك نەخەیتـە سـەر شـانی خـەڵك بـۆ وەدیهێنـانی ویسـت و ئارەزووەکانت، بەڵکو پێویستە ویستی ئەوان بخەیتە سەر شـانت و بۆیـان جێبـەجێ بکـەیت ئەگـەر ویسـتەکانیان پێچەوانەی شەرع نەبێت).

- هـەروەها تـۆ پرسـیارت لێ کـردم دەربـارەی (خـودا پەرستی) ئەویش سێ شتە:

یەکـەم : پارێزگـاریکردن لـە فرمانـەکانی شـەریعەتی پەروەردگار.

دووەم : رازی بیـت و بـە قـەزا و قـەدەر و قیسـمەتی پەروەردگار.

سێیەم : واز لە رازی بوونی هەوا و ئارەزووەکانی نەفسی خۆت بهێنی بۆ داواکاریەکانی رازیبوونی پەروەردگار کار بکەی.

هەروەها پرسیارت لێ کردم دەربارەی (التوکل – پشت بەستن) ئەویش ئەمەیە کە:

(ئەوەیە کە بڕیاری خۆت بدەی لە سەر بیر و باوەڕت لە سەر ئەو شتانەی کە پەروەردگار پەیمانی لەسەر داوە).

واتە: بڕوات وابێت ئەوەی کە پەروەردگار بڕیاری لەسەر دابێت رەت بوونەوەی بۆ نییە هەر دەبێت رووبدات، ئەگەر بێت و هەموو دونیاش هەوڵبدات کە لەسەرت لا ببات ناتوانن بەڵکو هەر دەبێت رووبدات، وە هەر شتێك بۆت نەنووسرابێت پێت ناگات ئەگەر هەموو دونیاش یارمەتیت بدات.

هـەروەها پرسـیارت لێ کـردم دەربـارەی (دڵسـۆزی) ئـەویش ئەمەیـە کە:(کـە کـارو کـردەوەت هـەموو تـەنها بـۆ پـەروەردگار بێـت، وە دڵـت مورتـاح نـەبێت بـە مـەدح و سەنای خەڵکی، هـەروەها گـوێ نەدەیتـە قسـە و قسـەڵۆکی خراپی خەڵك).

وە چاك بزانە کە خۆبەگەورە زانین و ریا لەوە دروست دەبێـت کـە خـەڵك بـە گـەورە بزانیـت وە چارەسەریشـی ئەوەیە کە : وایان دابنێیت کە ئەوان رەخسێنراون لـە ژێـر هێز و دەسەڵاتێك وە ئـەوان وەك بـێ گیان حسێب بکـەیت لـە بەرامبـەر نەگەیشـتنیان بـە پشـوو و مانـدووبوون، بـۆ ئەوەی هێندە عـەودالی بینینیان نـەبیت، بۆیـە هـەر کاتێـك حیسابی ئەوە بکـەیت کـە خـەڵك خـاوەن شکۆ و گـەورەیین ئەوە هەرگیز لە ریا و خۆبەگەورەزانین دوور ناکەویتەوە.

ئەی گەنج !!

کۆی پرسیارەکانی ترت وەڵامی هەندێکیان نووسراوە لەو کتێبانەی کە نووسیومە[1] بۆیە بیخوێنەوە وە هەندێکی تریان ناتوانرێت بنووسرێت. بۆیە کار بەوانە بکە کە دەیزانی، بۆ ئەوەی ئەو شتانەت بۆ دەربکەوێت کە نایزانی.

[1] مەبەستی (إمام الغزالي) ئەو کتێبانەیە کە نووسیویەتی.

ئەی گەنج !!

لەمڕۆ بەدواوە پرسیارم لێمەکە ئەگەر لات دروست بوو، تەنها بە زمانی دڵ نەبێت. پەروەردگار دەفەرموویت:

بسم الله الرحمن الرحيم ((وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا حَتَّى تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)).

(خۆ ئەگەر ئەوانە خۆگر بوونایە، تا دەچوویتە دەرەوە بۆ لایان ئەوە چاکتر رەواتر بوو بۆیان) (الحجرات-٥).

هەروەها ئامۆژگاری (خضر) خودا لێی رازی بێت، لە گوێ بگرە کە دەفەرمووێ: ((قَالَ فَإِنِ اتَّبَعْتَنِي فَلَا تَسْأَلْنِي عَن شَيْءٍ حَتَّى أُحْدِثَ لَكَ مِنْهُ ذِكْرًا)).

واتە (پرسیارم لە هیچ شتێك لێمەکە، هەتا خۆم لە نهێنیەکەی ئاگادار دەکەم) (الکهف-٧٠).

وە پەلەمەکــە:تاوەکو کــاتی دێــت و بــۆت ئاشــکرا دەبێت((سَأُرِيكُمْ آيَاتِي فَلا تَسْتَعْجِلُونِ)).

(لە ئایندەدا من نیشانە و بەڵگەکانی خۆمتان نیشان دەدەم، جا پەلەم لێ مەکەن) (الانبیاء : ٣٧).

ئەمجا پرسیارم لێ مەکە پێش مردن، وەبێ گومان بە کە تۆ ناگەیت بە هیچ شتێك تەنها بە کۆشش کردن و هەوڵدان و گەڕان و سووڕان نەبێت:

هەروەك چۆن پەروەردگار دەفەرمووێت:

بسم الله الرحمن الرحیم ((أَوَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا)).

((ئایا ئەوان نەگەڕاون بە زەویدا تا سەرنج بدەن و تەماشا بکەن)) (فاطر –٤٤) .

ئەی گەنج !!

سوێند بە خودا ئەگەر بگەڕێیت، ئەوە شتی سەیر و سەمەرە دەبینی لە هەموو ماڵێك !!

- هەروەها هەوڵبدە بە روح و بەگیان ببەخشی ، چونکە گەیشتن بەم راستییە پێویستی بە خۆبەخت کردنی رۆح و گیانت هەیە.

هەروەك چۆن (ذو النون المصري)[1] خودا لێی رازی بێت دەفەرمووێ بە یەکێك لە قوتابییەکانی ((ئەگەر توانیت روح و گیات ببەخشی ئەوە وەرە پێش، وە ئەگەر نا خۆت بە قسە و قسەلۆکی بێ سوودی سۆفی گەری سەرقاڵ و مەشغول مەکە)).

---

[1] یەکێکە لە زاهیدو خواناسەکان ، کە ساڵی ٢٤٥ ك ، وەفاتی کردوە .

ئەی گەنج !!

مـن بەهەشـت شـت ئامۆژگاریـت ئەکـەم لێمـی وەرگرە، بۆ ئـەوەی زانستەکەت نەبێتە دوژمنـت لـە ڕۆژی دوایـی، ئـەم هەشـت شـتە چواریان کـاری پـێ بکـە ، چواریشیان لە خۆت قەدەغە بکە و لێی دوور بکەوە:

ئەوانەی کە فرمانت پێ دەکەم کە نەیکەی ئەمانەن:

یەکەم: موناقەشە لەگەڵ هیچ کەسێکدا مەکە لە هەر بابەتێك کەناتوانی، چونکە دەبێتە هۆی دەرد و بەڵای زۆر گـەورە، وە گوناهی زۆرتـر دەبێت لـە خێر و چاکەی، لە کاتێکـدا کـە ئەمـە سەرچاوەی هـەموو خووڕەوشـتێکی خراپە وەکو ، ریا و حەسودی و خۆ بە گـەورە زانین و رق و کینـە و دوژمنایـەتی و خـۆ بـە گـەورە زانـین بـەڵێ، بۆیـە گـەر باسـی هـەر بابـەتێك کەوتـە نێوان تـۆ و کەسێکی بەرامبـەرت یـاخود قـەومو میللـەتێك وە ویسـتی ئـەوەت

هـەبوو کـە راسـتیەکەی بـە دەر بیـەخی تـاوەکو بـە فـیڕۆ نەچێت، ئەوە بۆت هەیە کە توێژ ینەوە و پشکنین بکەی.

بەڵام ئەم ویستەش دوو نیشانەی هەیە:

یەکـەمیان : جیـاوازی نەکـەی لـەوەی کـە راسـتیەکە لەسـەر زاری تـۆ ئاشـکرا دەبێـت یـاخود لەسـەر زاری بەرامبەرەکەت .

دووەمیان : گەڕان و پشـکنین لـە لای تـۆ لـە شـوێنێکی چۆڵی دەشتایی خۆشەویستتر بێت لە شوێنێك کە کۆمەڵە خەڵکێکی لێ بێت.

جا گـوێ بگـرە مـن لێرەدا چـەند سـوودێکت بـۆ روون دەکەمەوە:

چاك بزانـە: پرسیارکردن لـە کێشـە و گرفتـەکان وەکو پیشـاندانی نەخۆشیە بۆ پزیشك و چارەسەرکەری، بۆیـە وەڵامەکەشـی بـۆ ئەوەیـە: هەوڵدانـە بـۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشیەکەی.

وە چاك بزانـە : كـە ئـەو نـەفام و نەزانانـەی كـە دڵیان نەخۆشـە وە زانـا پزیشـكەكان و ئـەو زانایانـەی خـاوەن زانستێكی تەواون، ناتنرێت چارەسەری نەخۆشییەكانیان بكەن ٠

هـەروەها زانـای تـەواو و كـامڵیش هـەموو نەخۆشـێك چارەسـەر ناكـات، بـەڵكو ئـەو كەسـە چارەسـەر دەكـات كـە هیوای وەرگرتنی چارەسەری و چاكردنی هەیە، وە ئەگـەر نەخۆشـیەكە هەمیشـەیی بێـت یـاخود نـەزۆك بێـت كـە چارەسـەری سوودی پـێ نەگـەینێت، ئـەوە لـە كارامـەیی و لیهـاتوویی پزیشـكەكەیە كـە پێـی بڵێـت: ئـەم نەخۆشـیە چارەسـەر ناكرێـت، ئـەمجا خـۆت سـەر قاڵ مەكـە بـەپێی دانـی چارەسـەری و داو دەرمـان، چـونكە دەبێتـە هـۆی لەدەستدانی تەمەن و بەفیڕۆ چوونی تەمەن.

وە هەروەها چاك بزانە : كـە نەخۆشـی نـەفامی نـەزانی چوار جۆرن یەكێكیان چارەسەر دەكرێت و ئـەوانی تـریش ناتوانرێت چارەسەر بكرێت.

بۆیە ئەوەی کە چارەسەری نیە ئەمانەن:

یەکەمیان : ئەو کەسەی کە پرسیارەکەی دەربارەی حەسودی و رق و کینەیە، ئەوە ئەگەر تووشی بە چاکترین و باشترین روونترین وەلام، وەلامی بدەیتەوە هیچ سوودی پیٚ ناگات، بەلکو حەسودی و رق و کینەی زیاد دەکات. بۆیە باشترین ریٚگا ئەوەیە کە خۆت مەشغول نەکەی بە وەلام دانەوەی بۆیە گوتراوە :

کل العداوة قد تراجى إزالتها

إلا عداوة من عاداك عن حسد

بۆیە پیٚویستە لە سەرت کە رەتی بکەیەوە و وازی لیٚ بهیٚنی با لەگەلٚ نەخۆشیەکەی بیٚت، پەروەرگار دەفەرموویٚت :

بسم الله الرحمن الرحیم ((**فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّى عَن ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلَّا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا**)).

واتە ((گویٚ مەدە ئەو کەسەی کە یاخی بووە، لە یاد و بەرنامەی ئێمە، مەبەستیشی نەبووە تەنها ژیانی دونیا نەبێت)) (النجم -٢٩).

جا ئەو کەسەی کە حەسودە هەر کارێك کە دەیکات و هەر قسەیەك کە دەیڵێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاگر لە چاکەکانی بەر بدات و بیان سووتێنێت.

حەسوودیش کارە چاك و باشەکان دەخوات هەروەك چۆن ئاگر دار دەخوات و دەیسووتێنێت .

دووەمیان : ئەگەر نەخۆشیەکەی گێلی و گەوجی بێت، ئا ئەمە بە هەمان شێوە ناتوانرێت چارەسەر بکرێت هەروەك چۆن (عیسی – علیه السلام) دەفەرمووێت ((من بیٚ توانا و بیٚ دەسەڵات نەبوومە لە زیندوو کردنەوەی مردوو، بەڵام بیٚ توانا و بیٚ دەسەڵات بوومە لە چارەسەرکردنی کەسانی گێل و گەوج)).

ئەمەش کاتێك دەبێت کە کەسێك خۆی سەرقاڵ بکات بۆ ماوەیەکی کورت بە زانست، ئەمجا شتێك لە زانستی عەقڵی و زانستە شەرعیەکان فێر دەبێت، بۆیە دەچێت بە گێلاتی خۆی پرسیار لەو زانایە گەورەیە دەکات کە هەموو تەمەنی خۆی لە وەدەستهێنانی زانستی عەقلی و شەرعی بەسەربردووە، لە کاتێکدا ئەم گێلە بەم شتە نازانێت، بۆیە وا لێك دەدات کە ئەو کێشە و پرسیارەی لە لای ئەو دروست بووە بە هەمان شێوە ە لای ئەم زانایە گەورەیەش دروست بووە.

بۆیە کاتیچك بە گوێرەی پێویست وەڵامی پرسیارەکەی نەزانێت ئەوە پرسیارەکەی دەچێتە بەشی گێلاتیەوە بۆیە پێویستە خۆت مەشغول و سەرقاڵ نەکەی بە وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە کەسانە.

سێیەم : ئەو کەسەی کە دەیەوێت ڕێگای رای و هیدایەت بگرێتە بەر، بۆیە لە هەر قسەیەك زانا گەورەکان کە تێ ناگات، ناتوانێت وەڵاکەی هەڵگرێت چونکە

تێگەیشتنی زۆر کەمە، بۆیە پرسیارەکەشی هەر بۆ سوودمەندی خۆیەتی بۆیە دەبێتە کەسێکی خۆمالی کە راستیەکان تێناگات و درکی پێ ناکات، جا بۆیە پێویستە خۆت بە وەلامی ئەم جۆرە کەسە سەرقاڵ نەکەیت، هەروەك چۆن (پێغەمبەر) صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێ: ((ئێمە کۆمەڵەی پێغەمبەران فرمانمان پێ کراوە کە قسە لەگەڵ خەڵکدا بکەین بە گوێرەی ئاستی ژیری و عەقڵیان)).

_ بەلام ئەو نەخۆشیەی کە دەتوانرێت چارەسەر بکرێت ئەمەیە :

ئەو کەسەی کە رێگای راستی و هیدایەت دەگرێتە بەر کەسێکی ژیر و عاقڵ و تێگەیشتووە، هەروەها حەسوودی و رق و کینە و خۆشەویستی و ماڵ و سامان و خۆبەگەورەزانین بە سەری دا زاڵ نەبووە، ئەمجا پرسیارەکەشی لە بەر حەسوودی و تاقیکردنەوە نەبێت، ئا ئەمە هیوای چارەسەری هەیە، بۆت هەیە کە سەرقاڵ و

مەشـغول بیـت بـە وەڵامدانـەوەی پرسـیارەکانی بـەڵکو پێویست لە سەرت کە وەڵامی پرسیارەکانی بدەیتەوە.

دووەم شت کە پێویستە وازی لێ بهێنیت :

ئـەویش ئەوەیـە کـە ئاگـادار بیـت لـەوەی کـە ببیتـە ئامۆژگـاری کـەرو یادخـەرەوە، چونکە ئەمـە دەرد و بـەڵای زۆر تێدایە مەگەر ئەوەی کە خۆت کاری پێ دەکەی یەکەم جار پاشان ئامۆژگاری خەڵکی پێ دەکەیت ئەمجا بیر لەوە بکەوە کە بە (عیسى) (علیه السلام) گوتراوە ((ئەی کوڕی مریەم ئامۆژگاری خۆت بکە، جا ئەگەر ئامۆژگاری خۆت کـرد ئـەمجا ئامۆژگـاری خـەڵك بکـە، ئەگـەر نـا شـەرم لـە پەروەردگارت بکە)).

جا ئەگەر تووشی ئەم کارە بووی، ئەوە ئاگاداری دوو سیفەت بە:

یەکەمیان: ئاگاداری ئەوە بە کە زێدەڕەوی نەکەی لە قسەکردنت بە گوزارشت کردن و ئاماژە کردن (طامات)[1]، وە هەروەها هێنانەوەی بەیتە شعری، چونکە پەروەردگار رقی لەو کەسانەیە کە قسە زۆر رادەکێشن.

وە ئەو کەسەی کە زێدەڕەوی دەکات لە قسەکردندا لە سنووری خۆی دەردەچێت بەڵگەیە لە سەر خراپی دەروونی و بێ ئاگای دڵی.

وە واتای یادکردنەوەش بریتییە لەوەی :

کە بەندە یادی ئاگری دۆزەخ بکاتەوە وە خۆی یەك لا بکاتەوە لە خزمەتکردنی پەروەردگاری، هەروەها بیر لەو تەمەنەی رابردووی بکاتەوە کە بە شتی وەهای بەسەر بردووە کە هیچ پەیوەندی بەو نەبووە هەروەها بیر بکاتەوە لەو سزایانەی کە لە ژێر دەستیەتی،ئەویش: سەلامەتی ئیمان و بیرو باوەڕی لە کاتی سەرەمەرگی،

---

[1] ئەمانە بریتین لە زانستی سۆفی گەری هەروەك لە پێشووتر ئاماژەمان بۆ کردووە.

هـەروەها چـۆنیەتی رۆح و كێشـانی بـە دەسـتی (ملك الموت) وە ئایا دەتوانیت وەڵامی (نكیر و منكر[1]) بداتـەوە لە گۆڕەكەی.

هەروەها گرنگی بە حاڵی خۆی بدات كە حاڵی چۆن دەبێـت لـە رۆژی دوایـی و لـە بارودۆخی رۆژی دوایـی، وە ئایا دەتوانیـت لـە پردی سیرات بـە سـەلامەتی بپەڕیتـەوە؟ یاخود دەكەویتـە نـاو دۆزەخ؟ بۆیـە دەبێـت بـەردەوام بیری ئەم شتانە بكاتەوە لـە دڵیـدا، بۆ ئـەوەی لـە حـاڵی دونیـادا بێزاری بكات جا بۆیـە كولاّنی ئـەم ئاگرە و گریان بۆ ئـەم چـەرمە سـەریە و گـیرو گرفتـە پێـی دەوترێـت یادكردنـەوە (ذكر).

جا بۆ بە خەڵك راگەیاندن و والێكردنیان كە لـەم شتە بـــڕوانن و هـــەروەها ئاگاداركردنـــەوەیان لـــە ســـەر كەمتەرخەمی سەرە و ڕۆییان، هەروەها وایان لێبكرێت كە

١ ئەمانـە دوو فریشـتەن راسـپێردراون كـە پرسـیار لـە مـردوو دەكـەن لـە نـاو گۆڕەكەی.

کەموکوڕییەکانی خۆیان ببینن، بۆ ئەوەیە تاوەکو گەرمی ئەو ئاگرە و ئەو کەسانە بگرێتەوە کە باسی ئەم شتانەیا بۆ دەکرێت تاوەکو هەستی پێ بکەن، هەروەها بۆ ئەوەی لە کێشە و چەرمەسەریە بترسن، وە بۆ ئەوەی درك بەو تەمەنە بکەن کە لێیاڕۆیشتووە بە گوێرەی پێویست، وە بۆ ئەوەی زۆر ئاخ هەڵکێشن بۆ ئەو ڕۆژ و کاتانەی کە لە کیسیان چووە بەبێ ئەوەی زکر و یادی خودای تێدا بکەن، جا ئا ئەم ڕستە و گوزارشتانە پێی دەگوترێت (ئامۆژگاریکردن).

هەروەك چۆن ئەگەر ببینیت کە لافاوێك لێشاو دەبات بۆ ماڵێك کە سەر خێزانەکەشی تێدابێت ئەوە تۆش پێیان دەڵێیت: ئاگادار بن ئاگادار: هەڵێن لەو لافاوە، جا ئایا دڵت حەز دەکات کە ئەم ئاگادارکردنەوەیە بە (گوزارشت و نوکتە بازی و ئامارژەکان) بێت ؟؟

نەخێر با دڵت هەرگیز حەز بەم شتانە نەكات، بۆیە پێویستە ئەو كەسەی كە ئامۆژگاری خەڵك دەكات خۆی لەم شتانە بە دوور بگرێت.

وە سیفەتی دووەم :

ئەوەیە با هیمەتت لە ئامۆژگارییەكانتدا نەبێت ، هەتا خەڵك هەموو بێن و لەوتارەكەی تۆ كۆببنەوە، یاخود خۆشەویست و كاریگەری خۆیان نیشان بدەن، وە جلەكانیان دابپچڕێنن و بۆ ئەوەی بوترێت: بە راستی ئەم كۆڕ و كۆبوونەوەیە باشترین و چاكترین كۆڕو كۆبوونەوەیە.

چونكە هەموو ئەمانە دەبێتە مەیلی دونیایی و دەبێتە هۆی دروستبوونی بێ ئاگایی و غەفڵەتی.

بەڵكو پێویستە ئارام هیمەتت لەوە دابێت كە خەڵك بانگ بكەیت لە دونیا بۆ رۆژی دوایی، وە لە گوناه بۆ ملكەچی و بەندایەتی، هەروەها لە پێداگرتن لە سەر دونیا

بۆ وازهێنان لە دونیا، وە لە ڕەزیلی بۆ خێکردن، وە لە غرور بۆ لە خوا ترسان، هەروەها بۆ ئەوەی خۆشەویستی دوا ڕۆژیان لا دروست بکەی، هەروەهادونیا یان لا خۆش نەبێت، بەڵکو رقیان لە دونیا بێت، چونکە لە خووڕەوشت و نەریتی زۆرێك لەوان ئەوەیە کە لە راستی شەریعەتی ئیسلام لایان داوە، بەڵکو شوێن ئەو کارانە کەوتکە پەروەردگار پێی ناخۆشە، هەروەها دەلیلی دەستی خۆرەوشتی ناڕێك و خراپ بوونە، بۆیە تۆ ترسیان بیەخە دڵیان هەروەها بیانترسێنە بەو شتە ترسناکانەی کە لە دوارۆژ تووشی دێن، بۆ ئەوەی سیفەتەکانی ناخیان بگۆڕێت و مامەڵەکردنی دەرەوەشیان بگۆڕێت هەروەها بۆ ئەوەی پەیوەستبوون و ویستەکانیان بۆ بەندایەتی خودا پەرستی بەدەر بێخن، هەروەها دوور بکەونەوە لە گوناهکردن، جا ئا ئەمە ڕێگای ئامۆژگاریکردنە، ئەمجا هەر ئامۆژگاریکردنێك بەم شێوەیە نەبێت ئەوە دەبێتە گوناه و لە سەر ملی ئەو کەسەی دەنووسرێت کە دەیڵێی ئەوەی کە گوێشی لێدەبێت بەڵکو گوتراوە :

ئـەم جۆرە ئامۆژگارییـە، جـن و شـەیتانە کـە ڕێگا لـە خـەڵك تێـك دەدات و بـەرەو هیلاکـەت و لـەناو چـوونیان دەبـات، جـا بۆیـە پێویسـتە لەسـەریان کـە لێـی هـەڵێن؟ چـونکە ئەوەنـدەی کـە ئـەو کەسـە تووشـی خراپـە و تێکچـوونیان دەکـات لـە دینەکـەیان شـەیتان ناتوانێـت بیکات.

وە هەر کەسێك کە هێز و دەسەڵاتی هەبێت پێویستە ئەم جۆرە کەسانە لەسەر میمبەرەکانیانی ئامۆژگاریکردن بهێنێتـە خـوارەوە؟ بـۆ ئـەوەی قەدەغـەی بکـات لـە خراپەکانی.

جا ئا ئەمە کۆی فرمان کردن بە چاکە و نەهیکردن لە خراپەیە.

وەسێیەم شت کە پێویستە وازی لێ بهێنیت :

ئەوەیە کە تێکەڵاوی فرمان ڕەوایان و کار بەدەستان نەبیت و نەیان بینی چونکە بیننینیان و دانیشتن لەگەڵیان و تێکەڵاوبوونیان دەرد و بەڵایەکی زۆر گەورەیە، جا ئەگەر تووش بوویت کە ئەم شتانە بکەیت لەگەڵیاندا ئەوا مەدح و ستایشیان مەکە، چونکە پەروەردگاری مەزن رقی لەو کەسە دەبێتەوە کە مەدح و ستایشی دووڕوو ستەمکار دەکات، جا هەر کەسێك مەدح و ستایشیان بکات بۆ ئەوەی تەمەنیان درێژ بێت ئەوە ئەم کەسە وەکو ئەوە وایە کە پێی خۆش بێت سەرپێچی و گوناه بکرێت لە سەر زەوی لە بەرامبەر خوادا.

وە چوارەم شت کە دەبێت وازی لێبهێنیت :

ئەوەیە کە هیچ شتێك قەبوڵ نەکەی لە کار بەدەستان لە دیارییەکانیان، ئەگەر بێتو بشزانی کە ئەم دیاریانە حەڵاڵن، چونکە تەماحی ئەوان ئاین تێك دەدات، هەروەها دەبێتە ئەوەی کە ئاین بە قوربانی دونیا بکەن، وە بۆ

ئەوەی چاودێری دەست و پێوەندەکانیان بکەن هەتا وەکو رازیبن بۆ ستەم و زۆڵمەکانیان.

جا ئەمانە هەمووی ئاین تێك دەدەن و لەناو دەبەن، ئەمجا بچووکترین زەرەر و زیان ئەوەیە کە ئەگەر بێت و دیارییەکانیان وەربگری و سوودیان لێ وەربگری ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوانت خۆش بوێت، وە هەر کەسێکیش یەکێك خۆشی بوێت حەز دەکات کە تەمەنی درێژ بێت ئەمجا بە هۆی خۆشەویشتی مانەوەی ستەمکار لە دونیا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ستەم لە سەر بەندەکانی پەروەردگار بەردەوام بێت، هەروەها دەبێتە هۆی تێك دان و خراکردنی دونیا.

جا ئایاچ شتێك دەبێتە زەرەرمەندتر لەمە بۆ ئاین و پاداشت ؟!

- ئاگات لە خۆت بێت هەرگیز شەیتان هەوا و ئارەزووەکانت لا جوان نەکات، یاخود قسەی هەندێك خەڵك کە پێت دەڵێن باشترین شت ئەوەیە کە دینار و

درهەم لە خەڵك وەربگری، بۆ ئەوەی لە نێوان هەژار و داماوان دابەشی بکەیت، چونکە ئەوان ئەو پارەیە لە کاری بەند و خراپ و گوناهکاری سەرف دەکەن، بۆیە خێرکردن بە کەسانی هەژار باشترە لەم جۆرە کەسانە، چونکە شەیتانی لەعنەت کراو ملی زۆر کەسانی بڕیوە بەم وەسوەسەیە و خورپەیە کە لە (إحیاو علوم الدین) باسمان کردووە بیخوێنەوە.

- وە ئەو چوار شتانەس کە پێویستە ئەنجامی بدەیت ئەمانیش:

یەکەم : پێویستە مامەڵەکەت لەگەڵ پەروەردگار وابێت بە جۆرێك ئەگەر بەندەکەت ئەم مامەڵەیەی لەگەڵ کردی لێ رازی بیت و دڵگران نەبی لێی و لێی تووڕە نەبیت، وە ئەوەی کە بۆ خۆت پێت خۆش نییە کە قوتابیەکەت لەگەڵت بیکات ئەوە تۆش پێش خۆش نەبێت کە لەگەڵ پەروەردگاری بکەیت چونکە ئەو پەروەردگاری راستەقینەی تۆیە.

دووەم : هەر مامەڵەیەکت لەگەڵ خەڵکیدا کرد با بەو جۆرە مامەڵەیە بێت کە بۆ خۆت پێت خۆشە چونکە باوەڕی ئەو کەسە تەواو نابێت تا ئەوەی کە بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ تەواوی خەڵکیش پێی خۆش نەبێت.

سێیەم : هەر کاتیچك هەر جۆرە زانستێکت خوێند یاخود پیاچوویەوە، ئەوە پێویستە ئەم زانستە دڵ و دەروونت پاك و چاك بکات، هەروەك چۆن ئەگەر زانیت کە یەك هەفتە لە تەمەنتدا ماوە، ئەوە پێویستە خۆت بە زانستی (فقه ئەخلاق و ئوصول و کلام) سەرقاڵ و مەشغول نەکەی چونکە تۆ چاك دەزانیت کە ئەم زانستانە سوودت پێ ناگەیەنێت.

بەڵکو پێویستە سەرقاڵ و مەشغول بیت بە چاودێری کردنی دڵ و ناسینی سیفەتی نەفس و دەروون هەروەها وازهێنان لە کۆسپ و تەگەرەکانی ژیان، وە خۆت پاك بکەیتەوە لە رەوشتە خراپەکانی نەفس و دەروون، وە سەرقاڵ بیت بە خۆشەویستی پەورەردگار و بەندایەتی

کردنی، وه خۆت برازێنیەوه به ئاکار و رەوشته بەرز و جوانەکان. وه هەر شەو رۆژێك به سەر بەنده تێپەڕ ناکات که له وانەیه مردنی لەم شەو و رۆژه دابێت.

ئەی گەنج !!

گویٚ له قسەیەکی ترم بگره وه چاك بیری لیٚ بکەوه تاوەکو کورتەی واتاکەی دەدۆزیەوه ئەویش ئەوەیه: ئەگەر تۆ هەواڵت پیٚ بدرێت که سوڵتان پاش هەفتەیەك هەڵت دەبژێرێت بۆ وەزیری.

ئەوه بزانه که تۆ لەم ماوەیەدا تەنها خۆت سەرقاڵ و مەشغول دەکەی به چاکردنی ئەو شتانەی که سوڵتان چاوی پێدەکەوێت له جلوبەرگ و لاشه و ماڵ و رایەخ و شتی تریش.

جا ئێستا بیر بکەوه و سەرەنج بده لەوەی که من مەبەستم بوو لەم نموونەیه ئەوه تۆ به چاکی تێیدەگەی، وه تاکه وشەیەکیش بەسه بۆ مرۆڤی ئاقڵ و ژیر.

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت ((پەروەردگار تەماشای شێوە و کردەوەکانتان ناکات بەڵکو تەماشای دڵەکان و نیەتەکانتان دەکات))[1].

جا ئەگەر ویستت حاڵ و بارودۆخی دڵ بزانی ئەوە تەماشای (إحياء علوم الدين) بکە.

ئەم زانستەش (فرض عين)ە ، وە جگە لەو (فرض کفایە[2])یە ، مەگەر بە ئەندازەی ئەوە نەبێت کە فرمانەکانی پەروەردگاری پێ جێبەجێ بکرێت، جا پەروەردگار سەرکەوتووت دەکات تاوەکو بە دەستی بهێنیت.

---

[1] (لە صحيحى مسلم بەم شێوەیە ئەم فەرموودەیە هاتووە (پەروەردگار تەماشای شێوە و ماڵ و سامانتان ناکات، بەڵکو تەماشای دڵ و کردەوەکانتان دەکات).

[2] (فرض عين) ئەو فرمانەیە کە پێویستە لە سەر هەموو موسوڵمانێك بە جۆرێك ناتوانرێت هەندێك لە باتی هەندێك ئەنجامی بدەن. بەڵام (فرض کفایة) ئەو فرمانەیە کە ئەگەر هەندێك موسوڵمان دەتوانن پێی هەڵبستن و ئەنجامی بدەن لە باتی هەندێکی تر.

چوارەم : ئەوەیە کە ماڵ و سامان و خواردن و خۆراك بۆ زیاتر لە ساڵێك کۆ نەکەیتەوە هەروەك چۆن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئامادەی دەکرد بۆ هەندێك لە خێزانەکانی وە دەیفەرموو (پەروەردگارا، رزق و رۆزی بنەماڵەی پێغەمبەر با ئەوەندە بێت کە بەشی بکات و پێویستی بە کەس نەبێت)[1].

ئەمجا پێغەمبەر ئەمەشی بۆ هەموو خێزانەکانی ئامادە نەدەکرد بەڵکو بۆ ئەو کەسانەیی ئامادە دەکرد کە دەیزانی باوەڕیان بێ هێزە، بەڵام ئەوەی کە خاوەن باوەڕێکی پتەو بوو ئەوە خواردن و خۆراکی رۆژێك و نیوی بۆ ئامادە دەکرد.

ئەی گەنج !!

من ئەوەی کە داوات لێ کردم بۆم نووسی لەم بەشە، جا پێویستە لە سەرت کە کاریان پێ بکەیت، ئەمجا لە

---

[1] ئیمامی مسلم – گێڕ ا ویەتیەوە .

بیرم نەکەی لە دوعا چاکەکانت، ئەمجا سەبارەت بەو دوعایەی کە پرسیارت لێ کردبووم ئەوە لەو دۆعایە (صحیحەکان[1]) بگەڕێ و بیکە، وە ئەم دۆعایانەش لە هەموو کاتەکانت بخوێنە بە تایبەتی لە کاتی نوێژەکانت!!.

تێبینی :

ئەمانە بریتین لە چەند دۆعایەك کە ئیمامی غزالی بە قوتابییەکی راسپاردووە کە هەردەم بیکات بە تایبەتی لە کاتەکانی نوێژدا ئەم دۆعایانەش بریتین لە :

((اللهم إني أسألك من النعمة تماتها، ومن العصمة دوامها، ومن الرحمة شمولها ومن العافية حصولها، ومن العش أرغده، ومن العمر أسعده، ومن الإحسان أتمه و من الانعام أعمه ومن الفضل أعذبه ومن اللطف أقربه)) .

((اللهم كن لنا ولا تكن علينا))

---

١ مەبەستی ئەو دۆعایانەیە کە لە فەرمووده صەحیحەکاندا هاتووه.

((اللهم أختم بالسعادة آجالنا، وحقق بالزيادة آمالنا واقرن بالعافية غدونا واصالنا، أجعل الى رحمتك مصيرنا ومالنا، واصبب سجال عطوك على ذنوبنا، ومنَّ علينا بإصلاح عيوبنا، واجعل التقوى زادنا، وفي دنيك إجتهادنا وعليك توكلنا واعتمادنا، اللهم ثبتا على نهج الاستقامة، واعذنا في الدنيا من موجبات النداماه يوم القيامة، وخفف عنا ثقل الأوزار وأرزقنا عيشة الابرار، اكفنا واصرف عنا شر الأشرار واعتق رقابنا ورقاب آبائنا يا غفار يا كريم يا ستار، يا عليم ياجبار يا الله يا الله برحمتك يا أرحم الراحمين و يا أول الاولين، وأخر الاخرين، ويا ذا القوة المتين، ويا راحم المساكين، ويا ارحم الراحمين، لا إله إلا انت سبحانك إني كنت من الظالمين وصلى الله على سيدنا محمد واله وصحبه أجمعين)) .

الحمد لله رب العالمين

سلام على شێخانى

٢٥ / ٤ / ٢٠٠٨

پاشکۆ

وەسیەتەکانی زانای ئیسلام

ابن الجوزي

بـــۆ کـــوڕەکـــەی

⋆ کوڕە شیرینەکەم !!

چاك بزانە ، کە مرۆڤ جیاکراوەتەوە بە عەقڵ و ژیری ، تاوەکو کاری پێبکات ، جا بیرو هزری خۆت بەکاربهێنە ، و نەفس و دەرونت پاك بکەوە .

⋆ کوڕە شیرینەکەم !!

چاك بزانە کە تۆ دروستکراوێکی لێپسراوێکی ، ئەویش بەوەی کە هەندێك ئەرك و فەرمانت لەسەر دانراوە ، کە پێویستە ئەنجامی بدەی .

⋆ کوڕە شیرینەکەم !!

بزانە کە ماوەی مانەوە لە دونیا زۆر کەمە ، بەڵام مانەوە لە ناو گۆڕەکەت زۆر درێژە ، وە سزادان لەسەر هەواو ئارەزووەکان زۆر سەخت و ناخۆشە .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

پەندو عیبرەت لەو خودا پەرست و دەسەڵاتدارانە وەرگرە ، کە ڕۆیشتون و مردون ، تەنها کارو کردەوە چاکەکان و یادەوەریە خۆشەکانیان ماوەتەوە .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

چاك بزانە کە بەجێ هێنانی ئەرك و فرمانەکانی پەروەردگار ، و دوورکەوتنەوە لە شتە حەرام و قەدەغە کراوەکان پێویست و واجبە لەسەرت .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

هەندێك کەس وا دەزانن کە بە دەستهێنانی ئاکارو ڕەوشتە بەرزەکانی مرۆڤ لەوەدایە کە واز لە دونیا بهێنێت ، یاخود تەنها خودا پەرستی ئەنجام بدەی ؟! بەڵام بەدەستهێنانی ئاکارو ڕەوشتە بەرزەکانی مرۆڤ لەوەدایە کە زانست و زانیاریەکانت کارو کردەوەی لەگەڵ بێت .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

مەرج نیە هەموو ئەو شتانەی کە حەزی پێدەکەیت دەتەوێت ، بۆت بێتە دی ، و فەراهەم بێت ، وە مەرج نییە ئەو کەسەی کە بە دوای داواکاریەکانیدا دەگەرێت وەدەستی بهێنێت .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

هەر کاتێك ئاسمانت بینی بەسەرتەوە ، وە زەویت بینی بە ژێرتەوە ، وە ئەو هاوسەنگی و رێك و پێکیەی لاشەو جەستەی خۆت بینی ، ئەوە بیر بکەوەو چاك بزانە کە تەنها خودای گەورە ئەم شتانەی سازاندوەو دروستی کردوە .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

پێویستە گرینگی بە لەبەرکردنی قورئان ، و فەرموودەی پێغەمبەر (ص) بدەی ، هەروەها بەخوێندنەوەی ژیانی پێغەمبەرو یاوەرەکانی .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

من زۆر چاك تێگەویشتووم کە هیمەت هەر لەگەڵ لە دایکبوونی ئادەمیزاد دروست دەبێت ، بەڵام هەندێك جار هیمەت کەمدەبێتەوە ، بەڵام ئەگەر بوروژێنریت و پاڵی پێوە بنرێت ، ئەوە هیمەت دەکەوێتە کار .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

هەر کاتێك هەستت بە بێ هێزی و لاوازی کرد ، ئەوە بگەڕێوە بۆ لای پەروەردگار ، چونکە تۆ هیچ شتێك بە دەست ناهێنی تەنها بە ڕەزامەندی ئەو نەبێت ، جا کەس هەیە کە داوای لە پەروەردگار کردبێت و وەڵامی نەدابێتەوە ؟؟

★ کوڕە شیرینەکەم !!

ئاگات لە خۆت بێت و پەشیمان بەوە لەو گوناهو سەرەڕۆییانەی کە ئەنجامتداوە ، وە هەوڵبدە شوێن کەوتەی

ئـەو کەســانە بیــت کــە کــاملن ، چــونکە کــاتێکی زۆرت لەبەردەست نیە .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

چاك بزانـە کـە ڕۆژگـار وەك چەند کاتـژمێرێك وایـە ، ئـەم کاتـژمێرەش وەك چـەند هەناسـەیەکە ، ئـەمجا ئاگـات لـە خۆت بێت با ئەم کاتە کورتەت لە دەست نەچێت .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

خۆت بە باس و خواسی دونیا مەشغول و سەرقاڵ مەکـە ، بەڵکو خۆت بۆ ڕۆژی دوایی ئامادە بکە .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

ئاگات لە نوێژی بەیانی بێت .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

ئەگەر ویستت وانەکانت بخوێنیت و ئامادەکەی ، لە کاتی بەرەبەیاندا ، ئەوە هەشت رکات نوێژ بکات .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

تا پێت دەکرێت خۆت دوور بگرە لە کەسانی خراپ ، چونکە ئەگەر تۆ خۆتیان لێ دوور بگری ، ئەوە توشی خراپە نابیت ، وە ئاگات لێبێت لە کۆڕو کۆبونەوەی خراپ دامەنیشە ، بەڵکو با هاورێ و هاودەمت کتێب و خوێندنەوەی ژیانی پیاو چاکان بێت .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

چاك بزانە کە زانست و زانیاری کەسانی کەساس و کلۆڵ بەرزو بەرێز دەکات ، بەڵکو زۆرێك لە زانا بەرزەکان هیچ ناو نیشانێکیان نەبووە ، بەڵام بەهۆی زانستەکەیانەوە ناویان بەرزو شکاوە بۆتەوە .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

خۆت بپارێزە لە سەرشۆڕی بۆ دونیا ، بـە کـەم رازی بـە و قەناعــەت بکــە ، بەمشــێوەیە رێــزدارو گــەورە دەبیــت .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

هەر کاتێك بیرو باوەڕت بتەوو بەهێز بوو ، ئەوە هەموو شتێك بە چاکی و باشی دەبینیت ، وە هیچ شتێك نایەتە سەر ڕێگات کە زیانت پێبگەیەنێت ، چونکە خودا پارێزگاریت لێدەکات .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

چاك بزانە کە چاکترین زادو زەخیرە چاو پۆشینە لە ناموسی خەڵك ، وە زێدەڕەوی نەکردنە لە قسەکردندا .

★ کوڕە شیرینەکەم !!

زانست و زانیاری بێ کارو کردەوە هەرگیزلە کوڵ مەگرە.

★ کوڕە شیرینەکەم !!

هەردەم لەگەڵ خەڵك چاکە ئەنجام بدە ، ئەگەر چی لێشیان دووربی ، چونکە ئەو کەسەی ئامۆژگاری خەڵك دەکات

، پێویستە لە شوێنە گشتیەکان نەسورێتەوە ، وە پێنەکەنێت تاوەکو خەڵك ئامۆژگاریەکانی لێوەربگرن .

★ **کوڕە شیرینەکەم !!**

هەموو خاوەن حەقێك حەقەکەی خۆی پێبدە ، لە خێزانت و منداڵت و خزم و دۆستانت ، وە لە هەموو ساتێکدا تەماشای کارو کردەوەکانی خۆت بکە کە چیت ئەنجامداوە .

★ **کوڕە شیرینەکەم !!**

ئاگات لە عاقیبەت و سەرئەنجامت بێت ، بۆ ئەوەی بتوانی ئارام بگریت ، لەسەر هەموو ئازارو ناخۆشیەك ، کارو کردەوە بۆ دوارۆژت ئەنجام بدە

...... هەروەك وتراوە :

يـا مـن بدنياهُ اشتغلْ

وغـرَّهُ طـولُ الأمـلْ

الـموتُ يأتي بغتـةً

و القبـرُ صنـدوقُ العملْ

جـا ئیمـامی(ابـن الجـوزی)دەفـەرمووێت :

ئەمەش هەموو ئـەو وەسیەتانەیە کە پێم راگەیانـدی

!؟.......

ولا حول ولا قوة إلا بالله العلي العظيم ، و الحمد لله مزيـد الحامدين ، وصلى الله على سيدنا محمد و على آله و صحبه و سلم .

سلام علی شێخانی

١ / ١٠ / ٢٠٠٩

وەرگێر لە چەند دێرێکدا

- لە دایك بووی سالّی ١٩٨٧ – هەولێر .

- دەرچووی کۆلێژی پەروەردە بەشی زمانی عەرەبی سالّی ٢٠١١ـ ٢٠١٢.

بەرهەمەکانی وەرگێر بەزمانی کوردی

- ❖ چەپکێك گولّ لە ژیانی (رابعة العدوية).
- ❖ وسيەتە پڕحیکمەتەکانی لوقمانی حکیم بۆ کوڕەکەی .
- ❖ شەهیدانی قوریان.
- ❖ بالاّ پۆشی .
- ❖ ژیانی گەرەمان (أبوبكر الصديق). دەستنووس .
- ❖ ئەی گەنج .
- ❖ وەسیتەکانی زانا (أبن الجوزی) بۆ کورەکەی .

بەرهەمەکانی وەرگێر بەزمانی عەرەبی

- ❖ الذهب والفضة في لطائف الحكمة، مخطوط.
- ❖ ماشاهير علماء أربيل و الكردستان، مخطوط.
- ❖ الحكم والعبر في لطائف الشعر، مخطوط.

الحمد لله

ئەی گەنج

تۆ لەم قۆناغە هەستیارەی تەمەنت هێزێکی زۆری جەستەیی و هزریت هەیە و دەتوانیت لە زۆر بواری ژیان جێ پەنجەت دیار بێت ئەگەر بێت و ئەو هێزانە بە کارامەیی و راوێژکردن بە خەڵکانی خاوەن ئەزموون بەکاربهێنیت. راستە چەرخی تۆ چەرخی تەکنۆلۆجیا و ئینتەرنێت و فەیسبووک و گووگڵ و چەندین تۆڕی ترە. هەر یەکە و بە جۆرێك شەپۆڵ درووست دەکات و هەوڵ دەدات بتکات بە یەکێك لە ئەندامانی خۆی. شەپۆڵەکانیش هەمەجۆرەن. ئاگاداری ئەو شەپۆڵانە بە کە رۆڵی دەجال دەبینن لە داماڵینی (ئیمان)ت. هەمیشە پابەندی ڕێنماییەکان و وێردی رۆژانەت بە و پەیوەندیت لەگەڵ خوادا نەپچڕێنیت، کە مایەی وەدەستهێنانی بەختەوەری دونیا و قیامەتتە.

دیزاین

دانا سلێمان خۆشناو

چاپخانەی وەزارەتی ئەوقاف